Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.1.4

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Oshadan325@gmail. com
Shadan Omar Ali

# کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی

RECEIVED:28/05/2025
ACCEPTED:09/07/2025
PUBLISHED:25/09/2025

**شادان عمر علی/** بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**سیناء احمد علی/** بەشی باخچەی مندالان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە،
بیرکردنەوە،
دەستکەوت

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی لەبەردەستدایە، بریتییە لە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی. توێژەر دیزاینی تاقیکاری بە کۆنترۆلی بەشەکی بۆ دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە هەڵبژارد، کە ئەزموونی و کۆنترۆلکراو، کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتبوو لە قوتابییانی کوری پۆلی دەیەمی وێژەیی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، نموونەی توێژینەوەکەش (٤٦) قوتابی بوو، کە (٢٣) قوتابی گروپی ئەزموونی بوون، کە بە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە وانەیان پێ گوترابوو و (٢٣) قوتابی لە گروپی کۆنترۆلکراوبوون، کە بە ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی وانەیان پێ گوترابوو، ئامرازەکانی توێژینەوەش بریتی بوو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، کە لە (٥٠) برگە لە شێوەی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک پێکهاتبوو، و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی دوور، کە پێکهاتبوو لە (٩٠) برگە، دوای شیکارکردنی ئاماری بۆ گروپەکانی توێژینەوەکە، دەرکەوت جیاوازییەکی بەرچاوی واتاداری ئاماری هەیە لەنێوان کۆمەڵەکان لە ئاستی (٠.٠٥)، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە ئەنجامیان باشتر بەدەستەوەدا لە کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژەر بەدەستیهێنا، چەندین ڕاسپاردە و پێشنیازی خستەڕوو.

### ١. ناساندنی توێژینەوەکە:

### ١.١: کێشەی توێژینەوە:

مرۆڤ لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی زانیاری زۆر گەورە دەبێتەوە، ئەمەش خێرابوونی پەرەسەندنی قەبارەی زانیارییەکانە، کە لەگەڵ شۆڕشێکی بەرفراوان لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردندایە، جیهانی کردووە بە گوندێکی بچووک، کە پڕە لە زانیارییەکی زۆری بێسنوور و مرۆڤ نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات (العلاق، ٢٠٠٦، ل ٢٧)، جێبەجێکردنی فێرکردن بەشێوەیەکی دروست و ئامانجدار پەیوەستە بە مەنهەجی قوتابخانە و باروودۆخی کۆمەڵگە، چونکە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە، و ئامرازێکی دروستەکە کۆمەڵگەکان بەکاریدەهێنن لە بنیاتنان و داڕشتنی کەسایەتی تاکەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ ژیان و بەپێی فەلسەفە و کولتور وبیروباوەڕەکانیان، (محمود، ٢٠٠٩، ل ٧٥). ڕۆڵی مەنهەج ئەو زانیارییە دیاریدەکرێت، کە ئەندامانی کۆمەڵگە وەریدەگرن، مەنهەج ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە زیادکردنی دەستکەوتی زانستی خوێندکاران و ڕێکخستنی زانیارییەکانیان، پاشان توانای بەکارهێنانی ئەوەی لە بارودۆخی نوێدا فێری بوون ، کەواتە ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگە لە هەر وڵاتێکدا (العجرش، ٢٠٢٢، ل ٢٢)، بابەتەکانی کۆمەڵایەتی بوارێکی گرنگ لەنێوان بوارە سەرەکییەکان لە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەدا پێکدەهێنن و ئەم بوارە لە جۆری خۆیدا بەرچاوە، چونکە تیشک دەخاتە سەر مرۆڤەکان و کارلێکەکانیان و چالاکییەکانیان ( خضر، ٢٠١٤، ل ١٢)، گرفتەکانی بابەتی مێژوو، کە لەڕێگەی فێرکردنی دروست دەوەستن و ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ میتۆد و شێوازەکانی فێرکردن، کە پەیوەستە بە لەبەرکردن، بەم شێوەش لەلایەن خوێندکارانەوە پەرە بە بیرکردنەوە نادات، کە دەبێتە هۆی لاوازی وەڵامدانەوە و بەشداریکردنیان لە وانەکەدا ( الرشدان وجعنيني، ١٩٩٧، ل ٤٣).

بەپێی ئەو ئەزموونەی توێژەر وەک مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی خزمەتی چەندین ساڵی لەناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وەکو مامۆستا لە ناوەندەکانی خوێندن، هۆکاری لاوازی خوێندکار لە بابەتی مێژوو بۆ تەواونەکردنی ئەو ئەرکانەی لەلایەن مامۆستاوە پێیان سپێردراوە و ڕۆڵی خۆیان لەبیرکردووە، کە پێشەنگی ناو ناوەندەکانن، هەروەها قەرەباڵغی پۆلەکان و بوونی دوو دەوامی و نەهاتنی خوێندکار بەبەردەوامی بۆ قوتابخانەکان، هەروەها ئاشنانەبوونی مامۆستای بابەت بەو ستراتیژیانەی، کە پەرە بە بیرکردنەوەی خوێندکاران دەدەن، ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە بە یەکێک لەو ڕێگایە مۆدێرنانە دادەنرێت، کە بۆ بابەتی مێژوو لە پۆلی دەیەمی وێژەیی بەکاردەهێنرێت و گەشە بە بیر و توانای بیرکردنەوەی دووری خوێندکاران دەدات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیەش خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبینێتەوە:

ئایا ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە کاریگەری لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوو دەبێت ؟

### ٢.١: گرنگی توێژینەوە:

وانەوتنەوە بریتییە لە شێوازێک یان سیستەمێک، کە لە کۆمەڵێک چالاکی پێکدێت، کە مامۆستا ئەنجامی دەدات، بە مەبەستی یارمەتیدانی خوێندکار بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانجی پەروەردەیی، واتە وانەوتنەوە چالاکییەکی ئامانجدارە، ئامانجی ئەوەیە کاریگەری لەسەر کەسایەتی خوێندکار دروستبکات و ئامرازێکە سەبارەت بە ئامانجی فێربوون یان دەستکاریکردنی ڕەفتاری خوێندکارانە، بەشێوەیەک یارمەتیدەر بێت، تەواوی گەردوون کتێبێکی کراوەیە، بۆ ئەوەی مەنهەجی پەروەردەیی سوودی لێ وەربگرێت، هەموو ئەو شێواز و ئامرازە دروستانەی، کە پەروەردەکار بتوانێت بەڕاستی و دادپەروەرانە بە ئامانجەکانی مەنهەجی پەروەردەی بگات، هەروەها وانەوتنەوە پرۆسەیەکی سێ ڕەهەندییە، کە پێکهاتووە لە قوتابخانە و خوێندکاران و بابەتی پەروەردەیی، یان ئەزموونی پەروەردەیی، کە هەر یەکێکیان هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر ئەوەی تریان دروستبکات، هەروەها ڕەفتاریکی کۆمەڵایەتییە، کە لە بۆشایدا سەرهەڵنادات و دەبێت کارلێک هەبێت لەنێوان مامۆستا و خوێندکار و لەنێوان خوێندکار و ماددەی پەروەردەیی یان ئەزموونی پەروەردەیی، وانەوتنەوە ڕەفتارێکە، کە دەتوانرێت چاودێری بکرێت و بپێورێت، هەروەها دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت (الحاوی و قاسم، ٢٠١٦، ل٧٨).

چەندین میتۆد و ستراتیژی لە وانەوتنەوەدا هەیە، کە مامۆستا دەبێت شێواز و ستراتیژی گونجاو لەژێر ڕۆشنایی ئەو وانەیەی پێشکەشی دەکرێت و جۆری ئەو قوتابییانەی وانەیان بۆ دەڵێتەوە و کەسایەتی مامۆستا و توانای پێشکەشکردنی ئەو وانەیە دیاریبکات، هەروەها دەتوانرێت زیاتر لە شێوازێک لە فێرکردنی وانەکە کۆبکرێتەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وانەکە، و سەرکەوتووترین شێوازەکانی فێرکردن لە ڕوانگەی پەروەردەی مۆدێرن ئەوانەن، کە زۆرترین سەنتەری فێرخواز دەکاتە ئامانج بۆ بەدیهێنانی پڕۆسەی فێربوون، هەروەها ئەو بنەمایەی پەروەردەی مۆدێرن لەسەری بنیاتنراوە ئەوەیە، کە فێربوون لەئەنجامی کارلێکی نێوان فێرخوازوباروودۆخی دەرەکی داڕوودەدات وڕۆڵی مامۆستا دروستکردنی هەلومەرجێکە بۆ ئەوەی فێرخواز کارلێکیان لەگەڵدا بکات، کە ئەوەش وا دەکات ئەرێنی و چالاک بێت لە پشکنین و بەدەستهێنان و داهێنان بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکەسی لەنێوان فێرخوازاندا ( السفیانی، ٢٠٢١، ل٢٢)، ڕێکخستنی شاراوە یەکێکە لە ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاکانەی هاوبەش، کە پێویستە خوێندکاران بە گروپی هاوبەش کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک یان بۆ تەواوکردنی کارێک یان ئەرکێکی دیاریکراو، یان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، کە پێشتر دیاریکراوە، کە تێیدا هەر ئەندامێکی گروپەکە هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی دەکات بەرامبەر بە گروپەکەی، چونکە سەرکەوتن یان شکستێکی هاوبەش بۆ خۆی و بۆ گروپەکەی هاوشێوەیە (الجنابی، ٢٠١٩، ل٤٧)، واتە ستراتیژیەتێکە تایبەتە بە چالاکی هاوبەشی و پەیوەندی ئەرێنی نێوان خوێندکاران لە بارودۆخە پەروەردەییەکان، بەوپێیەش ژووری پۆل دەبێتە ژینگەیەکی فێربوون بە کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی هاوکاری هاوبەش، کە تیایدا خوێندکاران هاوکاری یەکتر دەکەن، بەمەبەستی زیادکردن و پەرەپێدانی زانیاری ( عطیە، ٢٠٠٩، ل١١٦). بیرکردنەوە یەکێکە لە پرۆسە عەقڵییە مەعریفییە باڵاکانی پشت گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤ و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ بەسەر هەموو زیندەوەران و دۆزینەوەی چارەسەری کاریگەر، کە بەهۆیانەوە بتوانێت بەسەر ئەو سەختی و گرفتانەدا زاڵ بێت، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەڕاستیدا زۆربەی ئەو دەستکەوتە زانستیانەی بەدەستیانهێناوە، لەلایەن مرۆڤایەتییەوە لەسەر بنەمای پرۆسەی بیرکردنەوە دامەزراوە (القیسی، ٢٠١٩، ل٤٦٩)

بیرکردنەوەی دوور ئەم بیرکردنەوەیە، کە بەرهەمهێنانی چەندین چارەسەریان وەڵامی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەبێ ئەوەی بیرکردنەوەی تاک سنووردارب‌کرێت بە یاسا پێشوەختە دیاریکراوەکانەوە، هەروەها کۆمەڵێک وەڵامی جۆراوجۆرە بۆ یەک ئەرکە، بەمەرجێک ئەم ئەرکە تەنها پێویستی بەیەک چارەسەر نەبێت، بەڵکوو پێویستی بە کۆمەڵێک بیرۆکەی داهێنەرانە هەبێت ،کە چەندین چارەسەری هەبێت ( الغتوم، ٢٠١٥، ل٢١٩)، هەموو توێژینەوەیەک گرینگی خۆی هەیە، کە هزری توێژەران بە لای خۆیدا دەبات، گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە باس لە کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لەبابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی دەکات، توێژەر گرنگیەکەی لەم خاڵانە دەخاتەڕوو:

١- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە وەک یەکێک لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کە لە ئێستادا لە ناوەندەکانی خوێندن پەیڕەودەکرێت، دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت و گەشە بە توانای بیرکردنەوەی دووری خوێندکاران دەدات و توانای زیرەکیان زیاد دەکات.

٢- سوودگەیاندن بە کەرتی پەروەردەیی بەتایبەتی کاتی دانانی پرۆگرامی خوێندن لەڕێگەی بیرکردنەوەی دوور بیروبۆچوونی جیاوازی پەروەردەکاران بەدەستدەهێنرێت.

٣- جیا لە بواری پەروەردەیی بۆ پلاندانان و گەشەپێدانی کەرتی گشتی، دەتوانرێت سودی لێوەرگیرێت.

٤- مامۆستایان لە قۆناغەکانی تری خوێندن دەتوانن سوودوەرگرن لە دووبارە بەکارهێنانەوەی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیژیەتە و بەڕێوەبەر و ستافی کارگێڕیی قوتابخانەکان دەتوانن لەکاتی دانانی پلان و کۆبونەوەکانیان بۆ بەرەوپێشچوونی قوتابخانە و کەرتی پەروەردەیی بەکاریبهێنن.

**٣-١: گریمانەی توێژینەوەکە:**

١- جیاوازی واتـاداری نییە لە ئـاســـتی (0. 05) لەنێوان نـاوەنـدی ژمێرەی قوتـابییـانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شـاراوە بابەت وەردەگرن لەگەڵ ناوەندی ژمێرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بەڕێگەی فێربوونی ئاسایی بابەت لە دەستکەوتی خوێندنی بابەتی مێژوو وەردەگرن.

٢- جیاوازی واتاداری نییە لە ئاستی (0. 05) لەنێوان ناوەندەژمێرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە بابەت وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دووری لە بابەتی مێژوو.

٣- جیاوازی واتاداری نییە لە ئاسـتی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بابەت بەڕێگەی فێربوونی ئاسـایی لە تاقیکردنەوەی پێشـەکی و پاشـەکی لە گەشـەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو وەردەگرن.

٤- جیاوازی واتاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0. 05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دووری لە بابەتی مێژوو.

**٤-١: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

**١-٥: سنووری توێژینەوەکە:**

**١-٥-١: سنووری مرۆیی:** قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

**١-٥-٢ : سنووری کاتی:** وەرزی دووەمی ـ ماوەی ئەزموون ( ٢٦ / ١/ ٢٠٢٥ - ٢٦/. ٣ / ٢٠٢٥).

**١-٥-٣: سنووری شوێنی:** قوتابخانەی گەلی کوران – پەروەردەی ناوەندیی هەولێر.

**١-٥-٤ : سنووری بابەتی:**بەشـەکانی( شـەشـەم – حەوتەم بەندی یەکەم ودووەم )ی کتێبی مێژوو شارستانییەکان/مێژوو- پۆلی دەیەمی وێژەیی.

**٦-١: دیارکردنی زاراوەکان:**

- **کاریگەریی:**

جیاوازی بەڵگەداری ئامارییە لەنێوان نموونەی تاکەکانی کۆمەڵەکان دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشـەکی و پاشـەکی (الدخیل، ٢٠٠٦، ل١٢).

پێناسەی ڕێککاری توێژەر: توانای کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوەیە لەسەر هەریەکە لە گۆڕاوە پاشکۆکانی دەستکەوتی مەعریفی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

- **ستراتیژیەت:**

هونەری بەکارهێنانی توانستەکان و ئامرازە بەردەستەکانە بەڕێگەیەکی نموونەیی بۆ هێنانەدی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان بە باشترین شـێوە بە واتای ئەوەی ڕێگای دیاریکراوە بۆ چارەسـەرکردنی گرفت، یان دەسـتبەکاربوونێکی گرنگ، یاخود شێوازی کرداری بۆ هێنانەدی ئامانج (شاهین، ٢٠١١، ل٢٢).

پێناسەی ڕێکاری توێژەر: بریتییە لە ڕێکاری مامۆستا لەناو پۆل لەکاتی وانەوتنەوە پەیڕەوی دەکات، بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاریکراو لە بابەتی مێژووی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

- **ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە:**

یەکێکە لەو ستراتیژیەتانەی لەسەر بنەمای دابەشکردنی خوێندکارە بۆ گروپ یان تیم، کە تیایدا مامۆستا کارتەکان دابەشدەکات، کە ناوەڕۆکێکی پەیوەندیدارە لەسەر گروپەکان، هەروەها هەر ئەندامێک کارتەکەی لە ئەندامانی تیمەکەی دیکە دەشارێتەوە و باس لەوە دەکات ، کە کارتەکە چی تێدایە، پاشان بەپێی ئەو چەمکەی تیمەکەی دەیبینێت ڕێکیاندەخات (زایر وئەوانی تر، ٢٠١٧، ل٦٦).

- **پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** بریتییە لەو ستراتیژیەتەی توێژەر لەماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەناو پۆلی قوتابخانەکەدا پەیڕەوی دەکات، کە دابەشکردنی قوتابییان بۆ گروپی هاوبەش و دابەشکردنی کارتەکان بەسەر گروپەکان، کە ناوەڕۆکی بابەتی مێژووی پۆلی دەیەمی تێدا نووسراوە، قوتابیش بەپێی ئەو تێڕوانینەی بۆی هەیە، ڕێکیان دەخات بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕەفتاری دیاریکراو.

- **دەستکەوتی خوێندن:**

دەستکەوتی خوێندن کۆمەڵێک ڕاستی و چەمک و بنەما و یاسا و بیرۆکە و زانیاری بەدەستهاتووە لەلایەن قوتابی لە ئەنجامی خوێندنی بابەتێک، یان یەکەیەکی خوێندنی دیاریکراو(علی، ٢٠١١ل ٢٩٩).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** بریتییە لە نمرەیەکی دیاریکراو، کە توانای خوێندکار بۆ زانین و تێگەیشتنی بابەتی مێژوو لەدوای تەواوکردنی یەکەیەک یان بەشێک بەدەستیدەهێنێت، کە لە هەردوو گروپی کۆنترۆڵکراو و ئەزمونگەری لەماوەی جێبەجێکردنی پلانی توێژینەوەکە، توێژەر لەڕێگای تاقیکردنەوەی دەستکەوت ئەنجامیدەدات.

- **گەشەپێدان:**

بریتییە لە پەرەپێدان و باشترکردنی ئاستی خوێندکار و تواناکردنی بۆ شارەزابوون لە هەموو کارامەییەکان تا پلەیەکی ڕێکوپێک (السید، ٢٠٠٥، ل١٨٧).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** ئەو گۆڕانکاری و گەشەکردن و پێشکەوتنەیە، کە لە پاڵنەرە مەعریفییەکانی خوێندکاراندا ڕوودەدات لەژێر ڕۆشنایی ئەو جیاوازیەی لە ئاستی نمرەکانی بەدەستهاتووی خوێندکاران لەپێش و لەدوای بەکارهێنانی پێوەرەکانی بیرکردنەوەی دوور، کە توێژەر بۆ ئەم مەبەستە بەکاریهێناوە.

- **بیرکردنەوەی دوور:**

بیرکردنەوە بە ڕەسەنایەتی تایبەتمەندە بە گرنگیدان بە هەمەجۆریی بەرهەمەکان و کوالێتییان (قطامی، ١٩٩٠، ل١٩).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** بریتییە لە وەڵامدانەوەی تاک بەشێوەیەکی زیرەکانە دوایی ئەوەی ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبێتەوە، بە کۆمەڵە نمرەیەک دەپێورێت، کە خوێندکاری کوڕی پۆلی دەیەم بەدەستیانهێناوە، کاتێ وەڵامی پێوەری بیرکردنەوەی دوور دەدەنەوە، کە توێژەر بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە بەکاریهێناوە.

- **بابەتی مێژوو:**

ناسینی ڕابردوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئێستا و ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای داهاتوو، بەم شێوەیە بەسوودە و ئامانجێکی پێویستی ژیان بەدیدەهێنێت (الحلوانی، ١٩٩٩، ل١٥).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** بریتییە لە پرۆگرامی خوێندنی پۆلی دەیەمی ویژەیی، کە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وەک مەنهەجی ئەم قۆناغە دایناوە.

- **پۆلی دەیەمی ئامادەیی:** یەکەم پۆلی قۆناغی ئامادەییە لە سیستەمی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان بە هەردوو لقی زانستی و ویژەیی، کە ئەو خوێندکارە نێر و مێیانە دەگرێتەوە، کە ناویان لە تۆماری قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەیی، کە لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتییان تەواوکرد و بوون بە دەیەمی ئامادەیی

## ١- لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### ٢-١ : لایەنی تیۆری:

### ٢-١-١: ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە: ( strategy of hidden order )

ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستای ئەمریکی دکتۆر سبنسر کاجان (Spencer Kagan ) ، کە مامۆستایە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٤٤لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٥ لە زانکۆی کالیفۆرنیا خوێندوویەتی، دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی تیۆریەکانی پەیوەست بە فێربوونی هاوبەش بە گۆڕینی ئەم شێوازانەی فێرکردن، کە فێرکردن دەکاتە بنەمای پرۆسەی پەروەردەیی بۆ وانەوتنەوەیەکی چالاک، کە یەکێکە لە ستراتیژیەکانی فێربوونی هاوبەش و مەبەست لێی بریتییە لە کارکردن لەناو گروپە کارلێککارەکاندا، کە تێیدا ڕۆحی هاوکاری زاڵە، کە بەشدارە لە پەرەپێدانی توانای خوێندکاران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو گۆڕانکارییە خێراکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا( زایر وئەوانی تر، ٢٠١٧، ل٦٦). توێژەر پێ وایە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە بەسەربردن و شادی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و چێژ بە وانەوتنەوەی مامۆستا دەبەخشێت و ماوەی گفتوگۆکردن و ناسینی خوێندکاران لەگەڵ مامۆستا زیاتردەکات.

#### ٢-١-١-١ : ئامانجی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە:

• پاڵنەرێکە بۆ فێرخواز بۆ گەیشتن بە زانیاری دروست، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەکارهێنانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بابەتگەلێکی گەورە، کە فێرکردنیان قورسە وەک ڕێکخستنی ڕووداوەکانی شەڕ و ڕێکخستنی پەرەگرافی نووسین.

• ڕۆحی پاڵنەر و هەستیاری لەنێوان قوتابییاندا بەرزدەکاتەوە و پەرە بە ڕۆحی هاوکاری دەدات و کارلێکی ئەرێنییە بۆ گەشەکردنی بیرۆکە داهێنەرەکانیان.

• زیادکردنی ئاستی خوێندکاران لە دەستکەوتی مەعریفی و پەرەپێدانی توانا کۆمەڵایەتییەکانیان و کارلێکی ڕۆحی تیمی لەنێوان خوێندکاران و یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ زیادکردنی بیرکردنەوە و تەرکیز و ئاڵوگۆڕکردنی سۆز و ڕێز لەنێوانیاندا.

#### ٢-١-١-٢: سوودی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە:

١ - ئامرازێکە بۆ بیرکردنەوە و ڕێکخستنی شێوازەکان و ڕێکخستنی بیرۆکەکان بە هەڵبژاردنی مانای گونجاو و نووسینەوەیان، کە ببێتە هۆی بەهێزی بیرۆکەکان و پەرەپێدانی توانای خوێندکاران، بۆ دەربڕین و وەسفکردنی ڕێکخستنی ڕووداوەکان.

٢ - لابردنی ترس و دڵەڕاوکی لە ناخی قوتابییاندا، لەکاتێکدا ڕووبەڕووی هاوتەمەنەکانیان دەبنەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی زاراوە زمانەوانییەکان و پراکتیزەکردنی قوتابییان لە قسەکردندا و ئازایەتی و وروژاندنیان بۆ بابەتی ئەکادیمی زیاددەکات.

٣ــــ کەوکردنەوەی جیاوازی نێوان ئاستی نزم و مامناوەند و بەرز و باشکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قوتابییان لەڕێگەی هاریکاری و هاوکاری یەکتری (بلیل، ٢٠٢٤، ل٧١).

#### ٢-١-١-٣: هەنگاوەڕێکارەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە:

١-دابەشکردنی خوێندکاران بۆ گروپی بچووک لەلایەن مامۆستاوە بە یەکسانی و ژمارەی گروپەکان لە پێنج کەس زیاتر نەبێت، هەروەها ناوێک بۆ هەر گروپێک دادەنرێت بۆ ئاسانکاری پرۆسەی دابەشکردن.

٢- دابەشکردنی قوتابییان بەشێوەی هەڕەمەکی بەسەر گروپەکان،

٣- دابەشکردنی کارتەکان لەلایەن مامۆستا و بەسەر هەر گروپێک یان تیمێکدا بەشێوەیەکی شاراوە و نارێکخراو، کە ناوەرۆکی بابەتەکە لەخۆدەگرێت، و خوێندکارەکان سەیری کارتەکانیان کرد وەک هەوڵێک بۆ وەسفکردنی ناوەرۆکی کارتەکانیان.

٤-ڕێکخستنی برگەکان بەپێی ئەو چەمکەی، کە تیمەکە بە گونجاوی دەزانێت و مامۆستا لە هەر تیمێک دەپرسێت، بۆچی ئەم ڕێکخستنەیان هەڵبژاردووە، پاشان پرسیاری دووەم لەگەڵ تیمەکەی تر دەخاتەڕوو (ابودکە، ٢٠٢٤، ل٣١٠).

**٢-١-١-٤: ڕۆڵی مامۆستا و قوتابی لە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە:**

مامۆستا و خوێندکار هەریەکەیان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە، کە لەلایەن (نیهان، ٢٠١٢، ل ٥٩) باسکراوە، لەم خشتەی(١ ) خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

**ڕۆڵی مامۆستا و قوتابی خشتەی (١)**

| ژ | ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە | ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستا یەکێکە لەو نمونە بنەڕەتیانەی خوێندکاران لەگەڵیدا فێردەبن بەپێی ڕاهێنەری سەرەتاییە لە تواناکانی بیرکردنەوەدا. | بەدوای زانیاری و داتادا دەگەڕێت و ڕێکیاندەخات و تاقییاندەکاتەوە. |
| ٢ | دەرفەتی دەوڵەمەندکردن بۆ خوێندکاران بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەکانیان دەرەخسێنێت. | کارلێکردن لەگەڵ ئەندامانی گروپ لە چوارچێوەی کاری تیمیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو. |
| ٣ | هاندانی پاڵنەرەکانی خوێندکاران و کارلێکی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ خوێندکاران. | گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوکارەکان سەبارەت بە گەیشتن بە ئەرکەکان و هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی کەسانی تر. |
| ٤ | ناوەندێکە زۆرترین کات لەگەڵ خوێندکاران لە ڕۆژی خوێندندا بەسەردەبات. | ئالوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ خوێندکارانی تری گروپەکە بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی بابەتی زیاتر. |
| ٥ | پلاندانانی دروستی ئامانجە پەروەردەییەکان کە لەگەڵ توانا و پێداویستیەکانی خوێندکار بگونجێت. | |
| ٦ | لەکاتی گونجاو هاوکار و دەستتێوەردان دەکات. | |

**٢-٢-١: دەستکەوتی خوێندن:**

دەستکەوتی خوێندن یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەدە و فێرکردن هەمیشە دامەزراوە پەروەردەییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، چونکە بەهۆی دەستکەوتی خوێندنەوە، هەریەکە لە مامۆستا و قوتابی ئاستی بەرهەم و پێشکەوتنی خۆی دەزانێت.

**گرینگی دەستکەوتی خوێندن:**

١-دەستکەت گۆڕانکارییەکی ڕەفتاری و مەعریفی و کۆمەڵایەتی لە قوتابیدا دروستدەکات، کە دەناسرێت بە فێربوون چونکە دەستکەوت ئەنجامی فێربوونە، و بەشداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری دەکات.

٢-دەرفەتێکە قەرەبوو ناکرێتەوە و جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ قوتابی، تەنها لەسەر حسابی تەمەن نەبێت، چونکە ئەو قوتابیيانەی کە دەستکەوتی زانیارییان لاوازدەبێت، بە کەوتوو هەژماردەکرێن و دەبێت ساڵی داهاتوو بگەڕێنەوە خوێندن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەهەدەردانی ساڵێک لە تەمەنیان.

٣-ڕاپۆرتی ئەنجامی دەستکەوتی قوتابی بەپێویست دادەنرێت، بۆ پێدانی مافی قوتابی لە گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغی دواتر و بەهۆی دەستکەوتی مەعریفەوە دەتوانرێت ئاستی زیرەکی وتوانای قوتابی دیاریبکرێت.

٤-هۆکارێکە بۆ هاندانی قوتابیيان بەتایبەتی بۆ بیرخستنەوەی زانیاریەکان و بەگەڕخستنی توانای زیاتربۆ خوێندن و دەتوانرێت ئەنجامەکانی دەستکەوت بەکاربهێنرێت لە هەڵسەنگاندنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چونکە ڕێگای باش دەبێتە هۆی دەستکەوتی باش.

٥-سوودوەرگرتن لە ئەنجامەکانی دەستکەوت بۆ گواستنەوە لە قوتابخانەیەک بۆ قوتابخانەیەکی تر و دەستکەوتی مەعریفی یارمەتیدەرە بۆ زانینی ئاستی بەدەستهانی ئامانجە ڕەفتارییەکان لەلایەن قوتابی ( العوض، ٢٠١٤، ل ٤٧ ).

**٢-١-٣ : بیرکردنەوە:**

زانایان و توێژەرانی پەروەردەیی بۆچوونی جیاوازیان لەسەر پێناسەی گشتی بیرکردنەوە هەیە، بەوپێیەی پێناسەی جیاوازیان لەسەر بنەمای چەندین بناغە و ڕەوتی تیۆری خستەڕوو، هەندێکیان وەک پرۆسەیەکی ڕەفتاری دەرەکی پێناسە دەکەن، هەندێکی تریش وەک پرۆسەی ڕەفتاری ناوەکی سەیری دەکەن ( العتوم وئەوانی تر، ٢٠١٧، ل١٨).

**٢-١-٣-١ : بیرکردنەوەی دوور:**

هەندێک جار بە بیرکردنەوەی دەستپێکراو ناسراوە، بیرکردنەوەیەکە، کە بە گرنگیدان بە هەمەجۆریی و کوالیتی دەرئەنجامەکان ناسراوە، بیرکردنەوەی دوور وەک (جیلفۆرد)دەیبینێت، بەرهەمهێنانی زانیاری نوێ لەخۆدەگرێت، هەروەها دروستکردنی زانیاری نوێ لە زانیارییە پێدراوەکانەوە، جگە لەوەش سنووردارکردن لەم جۆرە بیرکردنەوەدا کەم دەبێتەوە، و پرۆسەی توێژینەوە فراوانترە و بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی زۆر ڕوودەدات و شێوازێکە لەبیرکردنەوە، کە پێویستی بە بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی وەڵام هەیە، بۆ یەک کێشە پەیڕەودەکرێت، بەوپێیەی تاک پەیڕەوی دەکات لەو زانیاریانەی لەبەردەستدایە، کە ڕەنگە هاوشێوەی دەرئەنجامەکانی کەسانی دیکە بێت لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا(قطامی، ٢٠٠٣، ل٢٢).

**٢-١-٣-٢: تواناکانی بیرکردنەوەی دوور:**

بۆ دوو بەش دابەشدەکرێت (الطلاقە - ڕوانگەیی) بە هەموو جۆرەکانی و (المرونە - نەرمی )بە هەموو جۆرەکانی کە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

**بەشی یەکەم/ بیرکردنەوەی چەندایەتی:** پەیوەستە بە ڕوانگەیی جیلفۆرد (١٩٥٩) ڕوانگەیی پێناسەکرد، وەک توانای بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە لە دۆخێکی دیاریکراودا، کە هەندێک مەرجی دیاریکراو لەخۆدەگرێت ( Guilford, 1959,p 385).ڕوانگەیی بەسەر پێنج جۆر دابەشدەبێت:

١- **ڕوانگەی زارەکی یان ڕوانگەی وشەکان/** ئەمەش واتە توانای بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی ڕستە یان وشەیە بە مانای جیاواز، وەک نووسینی زۆرترین ژمارەی وشە، کە بە پیتێکی دیاریکراو دەستپێدەکەن، یان نووسینی ژمارەیەک ڕستە کە لە سێ وشە پێکهاتوون، کە هەریەکەیان بۆ نموونە بە پیتی ( ع یان د یان ز ) دەستپێدەکات (العیزان، ٢٠٠٢، ل٣٢).

٢-**ڕوانگەی فیکری/** واتە توانای تاکە بۆ وەبیرهێنانەوەی زۆرترین ڕێژەی بیرۆکەی گونجاو لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بۆ نموونە باسکردنی چەند بیرۆکەیەک بۆ بابەتێک یان نووسینی زۆرترین ناونیشانی گونجاو بۆ بابەتێکی چیرۆکێک.

٣-**ڕوانگەی پەیوەندیدار/** ئاگایی تاکە لە پەیوەندییەکان و ئەو ئاسانییەی دەتوانێت بیرۆکەیەک بەشێوەیەکی گشتگیر و ماندار بیخاتەڕوو یان توانای باسکردنی زۆرترین ئەو شتانەیە، کە هەندێک تایبەتمەندی بەراوردکردنیان هەیە (ملیجی، ١٩٦٩، ل١٣٦).

٤ -**ڕوانگەی دەربڕین/** توانای دەربڕین و داڕشتنی بیرۆکەکان بە پێدانی زۆرترین ژمارەی دەستەواژە یان ڕستە بە پێنج وشە، بەمەرجێک هەموویان جیاوازبن لە یەکتر و هیچ وشەیەک دووجار بەکارنەهێنرێت.

٥ - **ڕوانگەی شێوەکان /** توانای کێشانی خێرای کۆمەڵێک شێوە و وردەکارییە یان زیادکردنی دەستکاری و هاندەرە بینراوەکان وەک شێوەی کێشراو( الزیات، ٢٠٠٩، ل٥٥).

**بەشی دووەم / بیرکردنەوەی جۆری:** توانای بیرکردنەوە بە زیاتر لە ئاراستەیەکدا، هەروەها بە مانای توانای تاکە بۆ دەربڕین بە ئاسانی لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە (المعایطة، ٢٠٠٤، ل١٩٣) نەرمی لە بیرکردنەوە دووجۆری هەیە:

١-**نەرمی لەخۆوە (ئۆتۆماتیکی ) /** دەرکردنی زۆرترین جۆری جیاوازی ڕەوتی بیرکردنەوە، کە پەیوەندییان بە کێشە یان دۆخێکی هاندەر هەیە.

**٢- نەرمی خۆگونجاندن/** توانای فێرخواز بۆ گۆڕینی ئەو دیدگایە دەروونییەی لێیەوە سەیری چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو دەکات، بەمەبەستی دروستکردنی چارەسەری نوێ و هەمەچەشن بۆ هاندەرێک یان کێشەیەک بۆنموونە قەڵەم بۆ نوسین بەکاردێت، هەروەها زۆرترین بەکارهێنانی بەسوودتر دروستدەکات، کە بەبەکارهێنانی نائاسایی دادەنرێت(قطامی، ٢٠٠١، ل ٤٥٥).

**٢- توێژینەوەکانی پێشوو:**

**٢-١ توێژینەوەکانی پەیوەست بە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە.**

١ – توێژینەوەی (شناوە وجابر، ٢٠٢٢) کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوو.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوو، توێژەر دیزاینی تاقیکاری بەکارهێنا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، کە(٥٠)قوتابییە، دابەشکرانە سەر گروپی ئەزموونی (٢٤) قوتابی و گروپی کۆنترۆڵکراو (٢٦) قوتابی لە پەروەردەی قادسیە، ئەنجامی توێژینەوەکە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی بوو.

٢ – توێژینەوەی (الجنابی، ٢٠١٩) کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر ئەدای دەربڕینی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر ئەدای دەربڕینی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە بابەتی خوێندنەوە، توێژەر دیزاینی تاقیکاری بەکارهێنا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی لە پارێزگای کەربەلا، (٥١) قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە هەڕەمەکی هەڵبژارد، (٢٥) قوتابی گروپی ئەزموونی، (٢٦) قوتابی گروپی کۆنترۆڵکراو، قوتابییانی گروپی ئەزموونی لە قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵکراو باشتربوون.

**٢-٢: توێژینەوەکانی پەیوەست بە بیرکردنەوەی دوور.**

١ – توێژینەوەی (العبیدات وسالم، ٢٠١٢) کاریگەری ستراتیژیەتی هاندانی عەقڵی لە کاتی فێرکردنی دەربرین لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لەنێوان خوێندکارانی پۆلی چوارەمی وێژەیی.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی هاندانی ئەقڵی لەکاتی فێرکردنی دەربرین لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی دوور، دیزاینی تاقیکاری بەکارهاتبوو لە توێژینەوەکەی، نموونەی توێژینەوەکە قوتابییانی پۆلی چوارەمی وێژەیی قۆناغی ئامادەیی، کە (٦٠) قوتابین، دابەشکرانە سەر گروپی ئەزموونی (٣٠) و گروپی کۆنترۆڵکراو (٣٠) لە پەروەردەیی بەغداد، ئەنجامەکان دەریانخست، کە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیدا بوو.

٢ – توێژینەوەی (الربیعي، ٢٠٢٤) کاریگەری ستراتیژیەتی فلاش کارتەکان لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی دوور لەنێوان خوێندکارانی کچ لە پۆلی پێنجەمی ئەدەبی بابەتی مێژوو لە عێراق.

ئامانجی دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی فلاش کارتەکان لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی دوور، دیزاینی تاقیکاری لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتبوو، لەنێوان قوتابییانی کچ لە پۆلی پێنجەمی ئەدەبی بابەتی مێژوو پێکهاتبوو لە (٦١) قوتابی کچ لە پۆلی پێنجەم، کە دابەشکرابوون بەسەر (٣٠) گروپی ئەزموونی و(٣١) گروپی کۆنترۆڵکراو، لەڕووی ئامارییەوە جیاوازیەکی بەرچاو لە تاقیکردنەوەی دوای تاقیکردنەوەکەدا هەبووە، لایەنگری گروپی ئەزموونی کە بەپێی ستراتیژی کارتی فلاش خوێندوویانە لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی دوور.

### ٢-٣ سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

**توێژەر لە چەند لایەنێکەوە توانیویەتی سوودوەرگرێت لەو توێژینەوانەی لەسەر گۆڕاوەکان ئەنجامدراون:**

- لە داڕشتنی کێشەی توێژینەوە.
- شیکردنەوەی ستراتیژیەکە و هەنگاوەکانی لە بەکارهێنانی ناو پۆلدا.
- سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی زانیاری لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکان.
- هەستکردن بە گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بەتایبەتی لە دیارکردنی گۆڕاوەکانی و وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە.
- لەلایەنی بەکارهێنان و شیکردنەوەی ئامرازە ئامارییەکان لە دیارکردنی ئەنجامی توێژینەوەکە.
- وەک بەرچاوڕوونییەک بۆ ئەنجامی دەستکەوتووی توێژینەوەکان، کە دەگەیت بە چ ئەنجامێک.
- دیارکردنی گریمانەکان و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.
- پشتبەستن بە میتۆدی تاقیکاری گونجاو، کە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە.
- سوودوەرگرتن لە هاوسەنگکردنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ژمارەیەک گۆڕاودا.
- چۆنیەتی دانانی پلانی وانەکە.
- چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە، سوودوەرگرتن لەڕووی دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان.

## ٣. ڕێکارەکانی توێژینەوە

### ٣-١: نەخشەسازی ئەزموونی توێژینەوەکە:

بەو پلانە ناسراوە، کە لەسەر بنەمای تەرخانکردنی تاکەکان بۆ بارودۆخی ئەزموونی یان چارەسەری ئەزموونی بۆ تاکەکانی ناو نموونەی توێژینەوەکە بنیاتنراوە ( العامری، ٢٠١٦، ل ٣). توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەست بە دیزاینی تاقیکاری بە کۆنترۆلی بەشەکی بۆ دوو کۆمەڵە (کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو)، هەروەها ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێنابوو، لە خشتەی (٢ )ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ( ٢ )خستنەڕووی گۆڕاوەکان**

| کۆمەڵەکان | تاقیکردنەوەی پێشەکی | گۆڕاوەسەربەخۆکان | گۆڕاوەپاشکۆکان | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | پێوەری بیرکردنەوەی دوور | ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە | دەستکەوت + بیرکردنەوەی دوور | تاقیکردنەوەی دەستکەوت +تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی دوور |
| کۆنترۆلکراو | | ستراتیژیەتی فێرکردنی ئاسایی | | |

**٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە قوتابییانی کوری پۆلی دەیەمی وێژەیی لە پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥)، کە ژمارەی (١٠١٠) قوتابی بوو، کە دابەشکراون بەسەر ( ٢٥ ) قوتابخانە، توێژەر ئەم زانیاریانەی لە بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە بەشی پلاندانان وەرگرتووە دوای دەرچوونی فەرمانی ئاسانکاری لە زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

**٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە:** توێژەر دوای دەستنیشانکردنی قوتابخانەی (ئامادەیی گەلی کوران) و دەرچوونی فەرمانی کارگێڕیی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە ڕێکەوتی ( ٢٦ - ١ - ٢٠٢٥) ڕۆژی یەکشەممە پەیوەندی بە قوتابخانەی ناوبراو کرد، لە قوتابخانەی (ئامادەیی گەلی کوران) دوو پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) بوونی هەبوو ، کە

هەریەک لە پۆلی ( أ و ب ) بۆ نموونەی توێژینەوەکەی دیارکردبوو، بەمەش توێژەر توانی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستنیشانی پۆلەکان بکات و دابەشی سەر دوو گروپی توێژینەوەکەی بکات، کە هەریەک لە قوتابییانی پۆلی ( أ ) بوون بە نموونەی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بە ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی وانەیان پێ گوتراوە، و قوتابییانی پۆلی( ب) بوون بە نموونەی گروپی ئەزموونی، کە بە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە وانەیان پێ گوتراوە، ژمارەیی قوتابییان لەم قۆناغەی خوێندن ( ٥١) قوتابی بوو، دابەشی دوو پۆل کرابوون، گروپی ( أ ) ژمارەی قوتابییانی ( ٢٥) قوتابی بوو، کە گروپی کۆنترۆڵکراو بوون، هەروەها گروپی ( ب) ژمارەیی قوتابییانی ( ٢٦) قوتابی بوو، کە گروپی ئەزموونی بوون، بە هۆکاری هەبوونی خوێندکاری کەوتووی ساڵی ڕابردوو، کە (٥) قوتابی بوون لە هەردوو گروپەکە، بۆیە لە کۆتایی ژمارەی قوتابییان بوە (٤٦) قوتابی هەروەک لە خشتەی ژمارە ( ٣ ) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە ( ٣ ) خستنەڕووی کۆمەڵەکان**

| کۆمەڵەکان | هۆبەکان | ستراتیژیەت | ژمارەی قوتابیان پێش دوورخستنەوە | ژمارەی قوتابیانی کەوتوو | ژمارەی قوتابیان دوای دورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| گروپی ئەزموونی | ب | ڕێکخستنی شاراوە | ٢٦ | ٣ | ٢٣ |
| گروپی کۆنترۆلکراو | أ | فێربوونی ئاسایی | ٢٥ | ٢ | ٢٣ |
| کۆی گشتی قوتابیان | | | ٥١ | ٥ | ٤٦ |

**٣-٤ هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

**١ . هاوسەنگکردنی تەمەنی قوتابییان هەژمارکراو بە مانگ:** . توێژەر تەمەنی قوتابییانی وەرگرت بە مانگ داتاکان خستە بەردەم چارەسەری ئاماری، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی یەکسان، بەمەبەستی دڵنیابوون لەنەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا، بڕوانە خشتەی ( ٤):

**خشتەی (٤ ) خستنەڕووی ئەنجامەکانی T-test لە گۆڕاوی تەمەن**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهایی T-test | | پلەی ئازادی | بەڵگەیی ئاماری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | ئەگەری (خشتەیی) | | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ٢٠٢.٧٣ | ٩.٧٢ | | | ٤٤ | بێ بەهایە لەڕووی ئاماری |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٢٠٣.٦٥ | ٩.٤٨ | ٠.٣٢٢ | ٢.٠١٠ | | |

لە خشتەی (٤ ) دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندەژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزموونی ( ٢٠٢.٧٣) و کۆمەڵەیی کۆنترۆڵکراو (٢٠٣.٦٥)، کە بەهای هەژمارکراو (٠.٣٢٢)، کەمترە لە بەهای چاوەڕوانکراوی ئەگەری(٢.٠١٠)، و گەورەترە لە ڕێژەی هەڵەی (٠.٠٥)، بە پلەی ئازادی (٤٤)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کەواتە قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن.

١ - **نمرەی قوتابییان کۆرسی یەکەم لە بابەتی مێژوو:** - پاش وەرگرتنی نمرەی کۆرسی یەکەمی قوتابییانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی مێژوو لە تۆماری کارگێڕیی قوتابخانە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤- ٢٠٢٥)، توێژەر ئەنجامی ئاماری ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەی بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( T -test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و یەکسان

بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا دەرکرد، بڕوانە خشتەی ( ٥ ):

**خشتەی ( ٥ ) خستنەڕووی ئەنجامەکانی ( T-test) لە گۆڕاوی نمرەی کۆرسی یەکەمی بابەتی مێژوو**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | بەهایی T-test | | پلەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | ئەگەری (خشتەیی) | | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ٥٢.٥٢ | ١٨.٧٥ | ٠.٣١٦ | ٢.٠١٠ | ٤٤ | بێ بەهایەڵەڕووی ئامارەوە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٥٤.٠٤ | ١٣.٤٦ | | | | |

لە خشتەی ( ٥ ) دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندە ژمێریی کۆمەڵەی ئەزموونی ( ٥٢. ٥٢)، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٥٤. ٠٤ )، کە بەهای هەژمارکراو(٠. ٣١٦)، کەمترە لە بەهای چاوەڕوانکراوی ئەگەری ( ٢. ٠١٠)، و گەورەترە لەڕێژەی هەڵەی ( ٠. ٠٥)، بە پلەی ئازادی ( ٤٤)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کەواتە قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی نمرەی کۆرسی یەکەمی بابەتی مێژوو هاوسەنگن.

٢ ـ **بەدەستهێنانی زیرەکی قوتابییان:** ـ توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن ( Raven) بەست، کە جی سی ڕاڤن نەخشەسازی بۆ کردووە، بۆ دیارکردنی ئاستی زیرەکی، کە بۆ ژینگەی عێراق گونجاوە و لە پێنج کۆمەڵە ( أ، ب، ج، د، ها) پێکهاتووە، بەشێوەیەک هەر کۆمەڵەیەک(١٢برگە )ی لەخۆگرتووە، کە کۆی گشتی دەکاتە ( ٦٠برگە)، و پاش هەڵەچنینی پرسیارەکان بەپێی کلیلی ڕاستکردنەوە، قوتابی بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (١نمرە) وەردەگرێت و بۆ یەک وەڵامی هەڵەش(سفر)وەردەگرێت (علي، ٢٠١٦، ل١٠)، تاقیکردنەوەی زیرەکی جێبەجێکرا، پاشان ناوەندەژمێرەیی بۆ هەردوو کۆمەڵەکە دەرهێنرا و دواتر بۆ زانینی جیاوازی بەهاداری ئاماری نێوان هەردوو ناوەندەژمێرەیی، تاقیکردنەوەی ( T-test)ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی یەکسان بەکارهێناوە، بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی بەهاداری ئاماری لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە، وەک لە خشتەی ( ٦ ) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی ( ٦ ) خستنەڕووی ئەنجامەکانی (T-test) لە گۆڕاوی زیرەکی قوتابییان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەیی نموونە | ناوەندەژمێر دیی | لادانی پێوەری | بەهایی T-test | | پلەی ئازادی | بەڵگەیی ئاماری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | ئەگەری (خشتەیی) | | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ٤٠.١٣ | ٧.٢٨ | ١.٤٦٤ | ٢.٠١٠ | ٤٤ | بێ بەهایە لەڕووی ئامارەوە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٤٣.٢٦ | ٧.٢١ | | | | |

لە خشتەی (٦) دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندەژمێرەی کۆمەڵەی ئەزموونی ( ٤٠.١٣)، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٤٣.٢٦)، کە بەهای هەژمارکراو (١.٤٦٤)، کەمترە لە بەهای چاوەڕوانکراوی ئەگەری (٢.٠١٠)، و گەورەترە لە ڕێژەی هەڵەی (٠.٠٥)، بە پلەی ئازادی (٤٤)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کەواتە قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی تاقیکردنەوەی زیرەکی و بەدەستهێنانی نمرە هاوسەنگن.

٣ ـ **دەستکەوتی خوێندنی باوکان:** دوای بەدەستهێنانی داتاکانی پەیوەست بە ئاستی خوێندەواری باوکان، بۆ خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە، ئاستی دەستکەوتی باوکان بەپێی جۆری بروانامەی پەروەردەیی پۆلینکران بۆ ئاستی (سەرەتایی، ئامادەیی، پەیمانگە، بەکالۆریوس، خوێندنی باڵا )، بۆ دۆزینەوەی هاوتای دەستکەوتی پەروەردەیی باوکان، توێژەر هاوکێشەی (مربع کای – کا^٢^)، بڕوانە خشتەی ( ٧ ).

**خشتەی ( ٧ ) خستنەڕووی ئەنجامی (کا^٢^) لە گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوکان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەیی نموونەکان | دەستکەوتی خوێندنی باوکان | | | بەهای (کا²) | | ئاستی بەهاداری ئاماری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی بەخوارەوە | ئامادەیی بەخوارەوە | پەیمانگاو بەکالۆریۆس | هەژمار کراو | ئەگەری ( خشتەیی) | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ١١ | ٧ | ٥ | | | |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ١٢ | ٦ | ٥ | ٠.١٢٠ | 5.99 | بێ بەهایە لەرووی ئامارەوە |

لە خشتەیی (٧) دەردەکەوێت بەهای (کا^٢^)، کە بەهای هەژمارکراو (٠.١٢٠)، کەمترە لە بەهای ئەگەری (٥.٩٩)، گەورەترە لە ڕێژەی هەڵەی (٠.٠٥)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کەواتە ئاستی خوێندەواری باوکانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا هاوسەنگن.

٤ ـ **دەستکەوتی خوێندنی دایکان:** ـ توێژەر بۆ دیاریکردنی دەستکەوتی خوێندنی دایکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە، بەپێی جۆری بروانامەی پەروەردەیی پۆلینکران بۆ ئاستی(سەرەتایی، ئامادەیی، پەیمانگە، بەکالۆریوس، خوێندنی باڵا)، بەمەبەستی دڵنیابوون لە هاوسەنگی نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا، زانیارییەکان خرانە ژێر چارەسەری ئامارییەوە بە بەکارهێنانی (مربع کایی سکویر –کا^٢^)، بڕوانە خشتەی ( ٨ ).

**خشتەی ( ٨ ) خستنەڕووی ئەنجامی (کا^٢^) لە گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایکان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەیی نموونەکان | دەستکەوتی خوێندنی دایکان | | | بەهای (کا²) | | ئاستی بەهاداری ئاماری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی بەخوارەوە | ئامادەیی بەخوارەوە | پەیمانگاو بەکالۆریۆس | هەژمارکراو | ئەگەری (خشتەیی) | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ١٠ | ٦ | ٧ | | | |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ١٣ | ٥ | ٥ | ٠.٨١٦ | 5.99 | بێبەهایە لەرووی ئامارەوە |

لە خشتەی ( ٨) دەردەکەوێت بەهای (کا^٢^)، بەهای هەژمارکراو ( ٠. ٨١٦)، کەمترە لە بەهای ئەگەری ( ٥. ٩٩)، و گەورەترە لە ڕێژەی هەڵەی ( ٠. ٠٥ )، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کەواتە ئاستی خوێندەواری دایکانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا هاوسەنگن.

٥ – **پێوانەی بیرکردنەوەی دوور:**- توێژەر پێوەری بیرکردنەوەی دووری ئامادەکراوی بەکارهێنا، کە بۆ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە پشتی پێ بەستووە، جێبەجێکرا بەسەر قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/٢٨)، بۆ پێوانەکردنی بیرکردنەوەی دووری قوتابییان لە بابەتی مێژوو، پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە،

توێژەر بۆ هەر وەڵامێکی راستی قوتابی (١)، بۆ وەڵامی هەڵەی (سفر) داناوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا قوتابییانی هەردوو نموونەی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا هاوتان یاخود نا، بۆ زانینی جیاوازی نێوان ئەم دوو ناوەندەژمێرییە، توێژەر تاقیکردنەوەی ( T-test)ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و ژمارە یەکسان بەکارهێنا، بڕوانە خشتەی ( ٩ ):

**خشتەی (٩) خستنەڕووی ئەنجامی (T-test) لە گۆڕاوی پێوەری بیرکردنەوەی دوور**

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| روانی پەیوەند یدار | أ | ئەزموونی | ٢٣ | ٦.٤٣ | ٢.٠١ | ٠.٢٢٢ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٦.٦٠ | ٣.١٧ | | | |
| | ب | ئەزموونی | ٢٣ | ٦.٤٧ | ١.٦٤ | ٠.٣٢٠ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٦.٢٦ | ٢.٨١ | | | |
| روانی زارەکی | أ | ئەزموونی | ٢٣ | ٥.٦٩ | ٢.٩٧ | ٠.١٢٣ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٥.٨٢ | ٤.١١ | | | |
| | ب | ئەزموونی | ٢٣ | ٥.٩٥ | ٢.٧٢ | ٠.٠٤٢ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٥.٩١ | ٤.١٦ | | | |
| ڕەوانی دەربڕین | | ئەزموونی | ٢٣ | ٤.٧٣ | ٣.٨٦ | ١.٠٥٤ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٥.٩٥ | ٣.٩٧ | | | |
| ڕەوانی فکری | | ئەزموونی | ٢٣ | ٦.٨٦ | ٢.١١ | ١.٢٠٦ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٥.٦٩ | ٤.١٦ | | | |
| ڕەوانی شێوەکان | | ئەزموونی | ٢٣ | ٦.٣٩ | ٢.٨٤ | ٠.٦٥٢ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٥.٧٣ | ٣.٨٦ | | | |
| نەرمی ئۆتۆماتیک | | ئەزموونی | ٢٣ | ٦.٣٠ | ٣.٦٢ | ٠.٥٩٠ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٥.٦٠ | ٤.٣٤ | | | |
| نەرمی گونجاندن | | ئەزموونی | ٢٣ | ٧.٠٨ | ٢.٥٩ | ٠.٦٣٩ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٦.٤٧ | ٣.٧٦ | | | |
| گشتی | | ئەزموونی | ٢٣ | ٥٥.٥٢ | ١٠.٥٤ | ٠.١٩٣ | ٢.٠١ | بەڵگەدارنیە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ٥٤.٨٢ | ١٣.٦٨ | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندەژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزموونی (٥٥.٥٢)، و ناوەندەژمێرەیی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٥٤.٨٢)، کە نرخی (ت ) (٠.١٩٣)، بچوکترە لە نرخی خشتەیی( ٢.٠١)، وە گەورەترە لە ڕێژەیی هەڵەیی ( ٠.٠٥)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کەواتە قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی پێوەری بیرکردنەوەیی دوور هاوسەنگن.

### ٣-٥ ئامرازەکان توێژینەوەکە:

#### ٣-٥-١ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن

تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە باوترین ئامرازەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندنە، ئەو ئامرازانەن لەبەر دەستی بڕیاردەری پەروەردەیدان، کە پشت بە ئەنجامەکانیان دەبەستێت، بۆ بڕیاردانی کارگێڕیی یان تەکنیکی گونجاو لەگەڵ ئەو دۆخەی کار بۆ باشترکردنی سیستەمی پەروەردەیی دەکەن (مراد وسليمان، ٢٠٠٥، ل ٤٣).

### ٣-٦ پێداویستییەکانی توێژینەوەکە

بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، پێویستە ئەم پێداویستیانەی خوارەوە ئامادەبکرێت:

#### ٣-٦-١ دیارکردنی بابەتی خوێندن:

توێژەر هەڵسا بە دیاریکردنی ئەو بابەتانەی بڕیاربوو لە ماوەی ئەزموونەکە بە قوتابییانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو بگوترێتەوە، بەشێکی پەرتوکی مێژووی شارستانییەکان، کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی

وەزارەتی پەروەردە، چاپی حەڤدەیەم ساڵی ٢٠٢٢چاپکراوە بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی بابەتی مێژوو ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥) پێکهاتبوو.

- بەشی شەشەم: شارستانیەتی ئێران.
- بەشی حەوتەم: بەندی یەکەم شارستانیەتی ئیسلامی
- تەوەری دووەم بەشداری شارستانیانەی کورد لەسەدەکانی ناوەراست.

**٣-٦-٢ دیاریکردنی ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

گۆڕانکارییەکانی ڕەفتار، کە لەڕووی ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت، قوتابی لە کۆتایی کۆمەڵێک وانە یان یەک وانەدا بتوانێت دەریببڕێت، پێی دەوترێت ئامانجی ڕەفتاری، زیاتر باس لە دەرئەنجامی فێربوون یان ڕەفتاری کۆتایی فێرخواز دەکات، نەک ئەو ئامرازانەی بۆ گەیشتن بەم ڕەفتارە بەکاردەهێنرێن، بۆیە ئامانجە ڕەفتارییەکان پێویستی بە بەکارهێنانی وشە یان کردار هەیە، کە ئاماژەن بۆ ئەنجامدان یان کردار، وەک خوێندنەوە، نووسین، وەسفکردن و ژماردن. (الفلفلی، ٢٠١٣، ل ٦٩)

توێژەر (٩٠) ئامانجی ڕەفتاری بۆ ناوەرۆکی بابەتەکانی خوێندن دارشت، بە پشتبەستن بە پۆلینی بلۆم (Bloom)ی مەعریفی بۆ چوارئاست (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە)، بەشێوەیەک (٤٠) ئامانج لە ئاستی (بیرهێنانەوە)، و(٢٦) ئامانج لەئاستی (تێگەیشتن)، و(١٣) ئامانج لەئاستی (جێبەجێکردن )، و(١١) ئامانج لە ئاستی (شیکردنەوە).

ئامانجە ڕەفتارییەکان لە فۆرمێکدا پێشانی کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن دراـ بۆ دەربڕینی بیروڕایان دەربارەی دروستی دارشتنی ئەم ئامانجانە و ڕادەی گونجاویان بۆ چوار ئاستی پۆلێنکردنی بلۆم ئەوەبوو لە ئەنجامدا توێژەر (٨٧٪) ڕازیبوونی شارەزایانی بەدەستهێنا، و بەسوودوەرگرتن لە بیروڕای شارەزایان توێژەر گۆڕانکاریەکی کەمی ئەنجامدا بۆ ئامانجە ڕەفتاریەکان، بێ ئەوەی هیچ بڕگەیەک لێ کەم بکرێتەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەمەش توێژەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد.

**٣ -٦-٣ ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:**

پلاندانانی وانەکان بریتییە لە کۆی ئەو هەنگاو و ڕێکارانەی مامۆستا پێش جێبەجێکردنی وانەیەک دەیگرێتەبەر، بەمەبەستی دڵنیابوون لە فێرکردنی باشتر و فێربوونی باشتر پراکتیزەیان بکات، کە ئامانجی پلاندانان باشترکردنی پرۆسەی وانەوتنەوەیە، بە ئامادەکردنی پێداویستییە پێویستەکانی وانەوتنەوە و بەدارشتنی دۆخی پەروەردەیی و مەشقکردنی ئەنجامدانی ئەم دۆخە لەڕووی دەروونییەوە بەدیدێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بەتەواوی ئاگاداری ئەوە بێت، کە چی پێشکەش بە خوێندکار دەکات (ابوالسمیدوعبیدات، ٢٠٠٧، ل ٩).

توێژەر پاش دیارکردنی ناوەرۆکی بابەتی خوێندن و دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان، دەستیکرد بە ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە لە بەشەکانی شەشەم و حەوتەم لە پەرتوکی مێژووی شارستانییەکان، پۆلی دەیەمی ئامادەیی بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەک (١٨) پلانی وانەوتنەوەی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی ئامادەکرد، کە بەپێی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە وانەیان پێدەوترا، و ( ١٨)پلانی وانەوتنەوەش بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئامادەکرا، کە بەپێی ستراتیژیەتی فێربونی ئاسایی وانەیان پێدەوترا، بۆ دڵنیابوون لەگونجان وراستی ودروستی پلانی وانەوتنەوەکان، توێژەر نموونەی پلانێکیدا بە کۆمەڵێک لە شارەزایان و پسپۆرانی ئەم بوارە بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و تێبینی و پێشنیازەکانیان، بەمەبەستی باشتر دارشتنی پلانەکە و مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ئەزموونەکە، لەژێر ڕۆشنایی بیروڕاکانیان، چەند گۆڕانکارییەک کرا.

**٣-٦-٤: هەڵبژاردنی جۆری پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:**

تاقیکردنەوەکان ئامرازێکە بۆپێوانەکردنی فێربوونی خوێندکاران تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک باوترین جۆری تاقیکردنەوەیی بابەتییە، بەشێوەیەکی کارا ئەنجامە سادەکانی فێربوون دەپێوێت، پرسیارەکان پێکدێت لە کێشەیەک، کە ڕەنگە لە شێوەی پرسیارێک یان قسەیەکی ناتەواودا دابرێژرێت، کە پێی دەوترێت (ڕەگ) و لیستی چارەسەری پێشنیازکراوەکان ، کە پێی دەوترێت بەدیلەکانی (هەڵبژاردنەکان )، داوا لە خوێندکار دەکرێت ڕەگی پرسیارەکان و لیستی بەدیلەکان بخوێنێتەوە و بەدیلێکی دروست یان باشتر هەڵبژێرێت (العنانی، ٢٠١٤، ل ٢٥٣).

شایانی باسە هەڵبژاردنی جۆری پرسیارەکانی دەستکەوتی خوێندن توێژەر جۆری هەڵبژاردنی لە چەند دانەیەک بەباش زانی، کە جۆرێکە لە پرسیاری بابەتی بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن، وەک بەرچاوڕوونییەک بۆ قۆناغەکانی دواتری خوێندن و داڕشتنی برگەکان، ژمارەیان (٥٠) برگەیە لە جۆری هەڵبژاردن، کە نوێنەرایەتی هەر چوار ئاستی مەعریفی دەکات (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە) هەروەها بۆ زانینی ڕاستی و دروستی ڕادەی گونجاوی داڕشتنی پرسیارەکان، بەمەبەستی باشتر داڕشتن و نەهێشتنی پرسیاری نەگونجاو و ئاڵۆز، فۆرمەکە خراوەتە بەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایانی و پسپۆڕانی ئەم بوارە، کە ڕاوبۆچوونیان وەرگیراوە.

**٣-٦-٥ : ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (جدول المواصفات ) :**

خشتەی خەسڵەتەکان بەوە دەناسرێت، کە لیستێکە لەلایەکەوە نێوان ئامانجەکان و ناوەڕۆک بەیەکەوە گرێدەدات و لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەی برگەکانی تاقیکردنەوەیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، خشتەی خەسڵەتەکان بەو کۆڵەگە و بناغە سەرەکییە دادەنرێت، کە توێژەر لە گەڕان بەدوای شیاوی تاقیکردنەوە، بەتایبەتیش لە دۆزینەوەی ئاستی ڕێکخستن و گونجانی ناوەڕۆکی هەڵسەنگاندن و ئاستی لەخۆگرتنی بابەتەکان پشتی پێ دەبەستێت، ئەوەش بەڵگەی ڕاستگۆیی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکانە ( نبیل، ٢٠٠٢، ل ١٠٨).

توێژەر بەپێی کێش و بایەخی هەر ناوەڕۆک و ئامانجێکی ڕەفتاری و چوار ئاستی یەکەمەکانی پۆلێنکردنی بلۆم لە بواری مەعریفی ( بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە )، کە ( ٥٠) برگەی دەستنیشانکرد، بە وەرگرتنی ژمارەی لاپەڕەکانی پرۆگرامی خوێنراوی پەرتوکی مێژووی شارستانیەکان پۆلی دەیەمی ئامادەیی بەم شێوەیە:

١ ـ بەکارهێنانی ژمارەی لاپەڕەکانی /کێشی ڕێژەی سەدی بابەت = ژمارەی لاپەڕەکانی بابەت ÷ کۆی گشتی لاپەڕەکانی بابەت × ١٠٠

٢ ـ دیاریکردنی ڕێژەی گرنگی ئاستەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکان /کێشی ڕێژەیی ئامانجەکان = ژمارەی ئامانجەکانی ئاست ÷ ژمارەی گشتی ئامانجەکانی بابەت × ١٠٠

٣ـ دیاریکردنی ژمارەی پرسیارەکان بەپێی ئاستەکانی بلۆم /ژمارەی گشتی پرسیارەکان × کێشی ڕێژەیی بایەخی بابەت × کێشی ڕێژەیی ئامانجەکانی بابەت.

**خشتەی (١٠) خستنەڕووی خشتەی تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| بابەت | ژ. لاپەرە | کێشی ڕێژەی | کێشی ڕێژەیی ئامانجەکان | | | | ژ. پرسیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهێنانەوە ٪٣٠ | تێگەیشتن ٪٣٠ | جی بەجێکردن ٪٢٠ | شیکردنەوە ٪٢٠ | 100% |
| بەشی شەشەم | 14 | 34% | 5 | 5 | 3 | 3 | 16 |
| بەشی حەوتەم ١ | 19 | 46% | 7 | 7 | 5 | 5 | 24 |
| بەشی حەوتەم ٢ | 8 | 20% | 3 | 3 | 2 | 2 | 10 |
| کۆی گشتی | 41 | 100% | 15 | 15 | 10 | 10 | 50 برگە |

**٣-٦-٦ ڕێنمایی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکان:**
ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە بریتییە لە پێدانی بیرۆکە و زانیاری بە قوتابی دەربارەی تاقیکردنەوەکە وەک ژمارەی بڕگەکان، و شێوازی وەڵامدانەوەی بڕگەکان، وەکاتی تەرخانکراو بۆ وەڵامدانەوە، ئەمەش بەمەبەستی تێگەیشتنی قوتابی لە تاقیکردنەوەکە، بۆیە پێویستە ڕێنماییەکان بە زمانێکی سادە و ڕوون بێت و بەکورتی ڕوونبکرێتەوە، توێژەر بەمەبەستی پێدانی زانیاری تایبەت بە تاقیکردنەوەکە، ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەشێوەیەکی ڕوون بۆ قوتابییانی توێژینەوەکە دارِشت.

**٣-٦-٧ هەڵچنینی تاقیکردنەوەکە**
توێژەر کلیلی وەڵامە ڕاستەکانی داناوە، کە ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکان (٥٠) بڕگە بوو و لەسەر (١٠٠) نمرە ئامادەکراوە، کە پرسیارەکانی لە جۆری هەڵبژاردن لە چواروەڵام بوو، کە بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست ( دوو نمرە ) دانراوە و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە (سفر) دانراوە، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی دوو دانە بەهەڵە هەژمارکراوە و ئەگەر هیچ یەکێکی هەڵنەبژاردبێت، قوتابی بەهەڵە دانراوە.

**٣-٧-١ ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەیی دەستکەوتی خوێندن:**
ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە بریتییە لەوەی پێوانەی ئەو شتە دەکات، کە بۆی دارِێژراوە ( غنیم، ٢٠٠٤، ل ٨٧). بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە، توێژەر چەند ڕێگایەکی گرتۆتەبەر، لەوانە:

**١-ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:** - شایانی باسە ئەم جۆرە ڕاستگۆییە کاتێک بەکاردێت، کە هەر بابەتێکی تاقیکردنەوە بەشێوەیەکی ڕووکەش سەیری بکرێت و بەم شێوەیە شارەزایان حوکم لەسەر تاقیکردنەوەکە دەدەن، کە گونجاوە بۆ ئەو گریمانەیەی بەکاردەهێنرێت ( السید عثمان و عبیدة، ١٩٩٥، ل ٢٤٠). توێژەر بۆ لێکۆڵینەوە لەم جۆرە ڕاستگۆییە هەڵسا بە دابەشکردنی تاقیکردنەوەکە لە شێوەی فۆرمێکی تایبەت بەسەر ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و مامۆستای بابەتی مێژوو، بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانیان لەسەر ڕواڵەتی بڕگەکانی پێوەرەکە و ئاستی گونجانی تاقیکردنەوەکە، پاش دیاریکردنی وەڵامی شارەزایان بە هاوکێشەی ( کایی سکویر - مربع کای )و بەدەستهێنانی ڕێژەیی ڕازیبوون ( ٠.٨٩ %) بۆ هەر بڕگەیەک، ڕاستگۆی ڕووکەشی بۆتاقیکردنەوەکە بەدی هات، لە هەمان کاتدا بۆ باشترکردنی تاقیکردنەوەکە هەندێک بڕگە دارشتنی بۆکراوە لەسەربنەمای ڕاستگۆی ڕووکەشی، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکە بەشێوەیەکی باشتر دەستەبەربێت، بەبێ ئەوەی هیچ بڕگەیەک لابدرێت.

**٢-ڕاستگۆی ناوەرۆک:-** یەکێکە لە ڕەواترین جۆرەکانی ڕاستگۆیی، بەتایبەتی کاتێک باس لە پێوانەکردنی دەستکەوتی پۆل و دەستکەوتی ئەکادیمی و لێهاتووی تاک دەکرێت، ئاماژەیە بۆ ئەو ڕادەیەی تاقیکردنەوەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵێک ناوەرۆکی تایبەت دەکات، کە لە بابەت و پرۆسەکان پێکهاتوون (ملحم، ٢٠٠٠، ل ٢٧١). توێژەر لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە ڕاستگۆییە کرد لەڕێی ئەو ڕێکاریانەی ئەنجامیدا، لە دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان و بنیادنانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی، پێشکەشکردنی بە پسپۆڕانی بواری ڕێگای وانەوتنەوە بۆ دڵنیابوون لە گونجانی، بڕگەکان ئەنجامی ڕازیبوونی ( ٠.٨٩٪) لە ڕازیبوونی شارەزایان بەدەستهێنا، بەمشێوەیە کۆی گشتی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەی قبوڵکران.

**٢. ڕاستگۆیی ناوەکی:-**ئەم جۆرە ڕاستگۆییە پشت دەبەستێت بە شیکردنەوەی ناوەوەی تاقیکردنەوەکە بە ڕێگای ئامارییەکان، بۆ زانینی ئاستی گرانی و ئاسانی بڕگەکان و ڕادەی هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان لەنێوان قوتابییان و زانینی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان بۆ بڕگەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک، بۆیە توێژەر هەڵسا بە دەرهێنانی ئاستی گرانی و هێزی جیاکەرەوە بۆ گشت بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، و دەرهێنانی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن.

### ٣-٧-٢ شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:

پرۆسەیەکی پەیوەندی دارە بەلێکۆلینەوە، کەتایبەتمەندیە ئاماریەکانی وەڵامی خوێندکارانە، بۆهەربڕگەیەکی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لەرێی دەرخستنی بڕگەلاوازونادروستەکان، بەمەبەستی لابردنیان یان دووبارە دارشتنەوەیان، ئەم کردارە هەریەکە لە هاوکۆلکەی گرانی وئاسانی بڕگەکان و هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان وهاوکۆلکەی کاریگەری بۆجێگرەکان لەبڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەگرێتەوە (ابوالدیار، ٢٠١٢، ل ٥٤).

**- هاوکۆلکەی گرانی**

بریتییە لە رێژەی سەدی ئەو کەسانەی نەیانتوانیوە وەڵامی پرسیارێک بەدروستی بدەنەوە، بە دابەشکردنی ژمارەی ئەو قوتابییانەی وەڵامی هەڵەیان داوەتەوە لە هەریەک لە کۆمەڵەی بەرز و کۆمەڵەی نزم لەسەر کۆی گشتی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە و لێکدانی ( ١٠٠) (کوافحە، ٢٠٠٣، ل ١٤٩). لەئەنجامدا پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی هاوکۆلکەی گرانی دەرکەوت، کە ئاستی گرانی پرسیارەکانی بابەتی، کە هەمووی هەڵبژاردن بوو لەنێوان ( ٠.٢٢ ـ ٠.٧٣)، بەمەش ئاستی گرانی هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەپەسەند دانرابوو، بەو هۆیەوەش هیچ بڕگەک لە ئاستی گرانی لانەدرا، چونکە شارەزایان و پسۆرانی ئەم بوارە پێیان وایە رێژەی هاوکۆلکەی گرانی پەسەندکراو دەبێت، ئەگەر ئاستەکەی لەنێوان (٠.٢٠ ـ ٠.٨٠)بێت (الطريري، ٢٠١٤، ل ١٥٨)، بڕوانە خشتەی (١٢).

**خشتەی (١١)خستنەڕووی ئەنجامی هاوکۆلکەی گرانی و هێزی جیاکاری بڕگەکان**

| ژمارەی بڕگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | هێزی جیاکەرەوە | ژ. بڕگەکان | هاوکۆلکەی گرانی | هێزی جیاکەرەوە | ژ. بڕگەکان | هاوکۆلەی گرانی | هێزی جیاکەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٣٤ | ٠,٣٩ | ١٨ | ٠,٥٠ | ٠,٢٢ | ٣٥ | ٠,٦٢ | ٠,٤١ |
| ٢ | ٠,٤٦ | ٠,٢٤ | ١٩ | ٠,٦٧ | ٠,٣٢ | ٣٦ | ٠,٤٦ | ٠,٥٩ |
| ٣ | ٠,٤٨ | ٠,٣٧ | ٢٠ | ٠,٥٥ | ٠,٧١ | ٣٧ | ٠,٤٦ | ٠,٣٩ |
| ٤ | ٠,٣٧ | ٠,٢٠ | ٢١ | ٠,٤٣ | ٠,٢٧ | ٣٨ | ٠,٥٩ | ٠,٦٨ |
| ٥ | ٠,٢٣ | ٠,٢٢ | ٢٢ | ٠,٦٣ | ٠,٤٤ | ٣٩ | ٠,٥٥ | ٠,٧١ |
| ٦ | ٠,٤٣ | ٠,٣٢ | ٢٣ | ٠,٤٤ | ٠,١٠ | ٤٠ | ٠,٧٠ | ٠,٤٦ |
| ٧ | ٠,٦٠ | ٠,٣٧ | ٢٤ | ٠,٤٥ | ٠,٥١ | ٤١ | ٠,٥٤ | ٠,٤٩ |
| ٨ | ٠,٤٤ | ٠,٢٩ | ٢٥ | ٠,٣٨ | ٠,٣٢ | ٤٢ | ٠,٥٤ | ٠,٣٩ |
| ٩ | ٠,٤٦ | ٠,٤٤ | ٢٦ | ٠,٥٩ | ٠,٤٤ | ٤٣ | ٠,٥٠ | ٠,٣٢ |
| ١٠ | ٠,٤٥ | ٠,٢٧ | ٢٧ | ٠,٥٩ | ٠,٤٩ | ٤٤ | ٠,٣٧ | ٠,٥٤ |
| ١١ | ٠,٣٢ | ٠,٣٩ | ٢٨ | ٠,٦٢ | ٠,٤٦ | ٤٥ | ٠,٣٧ | ٠,٥٤ |
| ١٢ | ٠,٢٢ | ٠,٢٩ | ٢٩ | ٠,٣٨ | ٠,٣٢ | ٤٦ | ٠,٤٣ | ٠,٤١ |
| ١٣ | ٠,٤٣ | ٠,٥١ | ٣٠ | ٠,٤٠ | ٠,٤٦ | ٤٧ | ٠,٥٦ | ٠,٤٤ |
| ١٤ | ٠,٣٥ | ٠,٥١ | ٣١ | ٠,٦١ | ٠,١٥ | ٤٨ | ٠,٤٩ | ٠,٣٩ |
| ١٥ | ٠,٣٢ | ٠,٣٤ | ٣٢ | ٠,٧١ | ٠,٢٩ | ٤٩ | ٠,٥٦ | ٠,٤٩ |
| ١٦ | ٠,٥٠ | ٠,٣٢ | ٣٣ | ٠,٤٩ | ٠,٦٣ | ٥٠ | ٠,٤٩ | ٠,٢٩ |
| ١٧ | ٠,٦١ | ٠,٣٩ | ٣٤ | ٠,٥٩ | ٠,٢٩ | | | |

**- هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان**

چەمکێکی ئاماری چەندایەتییە و بە زاراوەی ژمارەیی گوزارشت لەوە دەکات، کە تا چەند بڕگەکان توانای جیاکردنەوەیان جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا هەیە، و ئەو تایبەتمەندیەی ئامانجیەتی پێوانەی بکات، هەروەها ئاستی تواناکەیەتی بۆ جیاکردنەوە لەنێوان قوتابییانی ئاست بەرز و قوتابییانی ئاست نزم (ابن زرقين، ٢٠١٦، ل ١٠). و توێژەر بۆ لێکۆڵینەوە لە هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی راپرسی ژمارەیان (١٥٠)، قوتابی کوربوو، و لە ئەنجامدا توێژەر هێزی جیاکەرەوەی لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفی بەدەستهێنا. لەکاتی حسابکردنی هێزی جیاکاری هەموو

برگەکان، ڕێژەی سەدی (٠.٢٠)یان زیاتر وەک ستانداریک بۆ قبولکردنی هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوە وەرگیرا، هەموو برگەکان ئەم ڕێژەیەیان زیاتر بەدەستهێنا، جگە لە برگەکانی (٢٣ و٣١) نەبێت، کە هێزی جیاکاری لەنێوان (٠.١٠ ـ ٠.١٥) بوو، بۆیە نەگەیشتونەتە ئەم ڕێژەیە سڕاونەتەوە، سەبارەت بە برگەکانی دیکەی تاقیکردنەوەکە ئەوان لەنێوان ( ٠.٢٠ ـ ٠.٧١)، دابوو بۆ تاقیکردنەوەی بابەتی لە جۆری هەڵبژاردن، هەروەها هەریەک لە (کوافحە، ٢٠٠٣، ل١٥٠) ئاماژەی بەوە کردووە، کە هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی لە پلەی جیاکاری قبولکراوە، کە (٠.٢٠) و سەرووتر دەستپێبکات وەک لەخشتەی (١١) ڕوونکراوەتەوە.

**ـ هاوکۆلکەی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان**

گرانی تاقیکردنەوەی برگەی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک پشت دەبەستێت بە ئاستی لێکچوونی ڕووکەشی لەنێوان جێگرەوەکان، بۆیە ئامانجی ئەم شیکردنەوەیە بریتییە لە پشکنینی جێگرەوە هەڵەکان لە تاقیکردنەوەی برگەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک (علام، ٢٠٠٠، ل٢٩١). بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری جێگرەوە هەڵەکانی برگەکانی تاقیکردنەوەکە پێکهاتبوو لە (٥٠)برگە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک، توێژەر هەڵسا بە سەرژمێریکردنی ژمارەی قوتابییان، کە جێگرەوەی هەڵەیان لە برگەکاندا هەڵبژارد بوو، لەئەنجامدا دەرکەوت، کە ژمارەی قوتابییان جێگرەوەی هەڵەیان هەڵبژاردبوو لەنێوان ( ٠.٠٧- تا ٠.٢١- ) بوو، ئەمەش دەریخست هەر جێگرەوەیەک لە جێگرەوەی هەڵەکانی ئەم برگانە سەرنجڕاکێشە و کارا بووە، جگە لە برگەکانی ( ٢١) و(٣١) نەبێت، کە لە تاقیکردنەوەکە دەرهێنران و دوورخرانەوە.

**ـ جێگیری تاقیکردنەوە:**

متمانەپێکراوی تاقیکردنەوەی دەستکەوت ئەوەیە، کە ئایا تاکێک هەمان نمرەی بەدەستدەهێنێت، ئەگەر تاقیکردنەوەکە دووبارە بۆی بکرێتەوە یان هەمان ڕیزبەندی لەنێوان هاوکارەکانیدا بەدەستدەهێنێت، ئەگەر دووبارە لە هەمان بارودۆخدا تاقیکردنەوەکە ئەنجامبدات (الطريري، ٢٠١٤، ل ٢٩١). توێژەر بۆ پێوانەکردنی جێگیری تاقیکردنەوەکەی دەستکەوتی ئەم توێژینەوە، هەڵسا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ( کودر-ریتشاردسون ٢٠)، لە ئەنجامدا بەهای جێگیری تاقیکردنەوەکە گەیشتە (٠.٨٠)، بۆیە ئەنجامەکان دەریانخست تاقیکردنەوەکە پلەیەکی جێگیری گونجاوی هەیە، بڕوانە خشتەی (١٢)، بەمشێوەیە تاقیکردنەوەکەی دەستکەوتی مەعریفی توێژینەوەکە ئامادەکرا بۆ جێبەجێکردنی لەسەر نموونەی بنەرەتی توێژینەوەکە، بەشێوەیەک پێکهاتبوو لە ( ٥٠برگە) لە جۆری بابەتی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک.

**خشتەی (١٢)خستنەڕووی ئەنجامی بەها و هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| | ژمارەی برگە | جیاوازی | کۆی (س ×ص) | هاوکێشەی کودرریتشاردسون- ٢٠ |
|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵ | ٥٠ | ٢٥.٢١ | ٥.١٢ | ٠.٨٠ |

**٣-٥-٢ پێوەری بیرکردنەوەی دوور:**

دوای ئەوەی توێژەر پێداچوونەوەی بەزۆرێک لە توێژینەوە پەیوەندیدارەکان، کە پەیوەندییان بە گۆڕاوی پاشکۆی (بیرکردنەوەی دوور )هەبوو کردبوو، لەنێو ئەم توێژینەوانەش توێژینەوەی ( الزبيدى، ٢٠٠٦)بوو، بەمەبەستی ئامادەکردنی پێوەرەکە پشتی پێ بەسترا، بەشێوەیەک لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەی ئێستادا بگونجێت فۆرمەکەی بەشێوەی سەرەتایی داڕشتەوە، تاتوێژەر زیاتر سەرکەوتووبێت لە ئامادەکردن و داڕشتنی برگەکانی پێوەرەکە و بەشێوەیەکی باش، هەروەها ئەنجامەکانی ڕاستبن لەخستنەڕووی ئەو دیاردەیەی دەیپێوێت، هەروەها پێویستە برگەکانی ورد و ڕوون بن ئاماژەبە بیرکردنەوەی دووری خوێندکاران بکات، لەژێر ڕۆشنایی ئەمانە لە شێوەی فۆرمێکی سەرەتایی برگەکانی داڕێژران، کە لە

(٧) برگە پێکهاتبوو (ڕەوانی پەیوەندیدار - ڕەوانی زارەکی - ڕەوانی دەربڕین - ڕەوانی فیکری - ڕەوانی شێوەکان - نەرمی ئۆتۆماتیک - نەرمی گونجاندن )، هەریەک لە برگەی یەکەم و دووەم (ڕەوانی پەیوەندیدار و ڕەوانی زارەکی) لە دوو بوار پێکهاتبوو، و هەر برگەیەک لە (١٠) کارامەی یان وەڵام خۆی دەبینیەوە، کۆی وەڵامەکان (٩٠) دەبێت (الزبیدی، ٢٠٠٦، ل ٢٥١).

**١-ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر:**

ئەم جۆرە ڕاستگۆییە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕادەیەی تاقیکردنەوەکە تا چەند ئەو شتە دەپێوێت، کە بۆ پێوانەکردنی داڕێژراوە (نجم، ٢٠١٥، ل ٦٣). بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستگۆی ڕواڵەتی پێوەرەکە لە فۆرمی سەرەتایی خۆیدا پێشکەش بە کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزایانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن کرابوو، بەئامانجی دیاریکردنی گونجاوی برگەکانی پێوەرەکە، لەگەڵ ئاستی تەمەنی خوێندکاران و دروستی داڕشتنی برگەکان، پسپۆڕانی ئەم بوارە ڕەزامەندییان لەسەردا، بێ ئەوەی هیچ برگەیەک لابدرێت.

**٢-شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی دوور**

**أ ـ هێزی جیاکەرەوەی برگەکان /** بەو مانایەی تا چەند برگەکانی تاقیکردنەوە دەتوانێت جیاوازی تاکەکەسی نێوان خوێندکاران بپێوێت یان ئەو توانایەی برگەکانە بۆ جیاکردنەوەی ئەو خوێندکارانەی ئاستی بەرزتر و ئاستی نزمتریان هەیە، لەو سیفەتەی تاقیکردنەوەکە دەپێوێت (الجبالی، ٢٠١٣، ل ٨٥). دوای حسابکردنی هێزی جیاکەرەوەی هەر برگەیەکی تاقیکردنەوەکە توێژەر بۆی دەرکەوت، کە لەنێوان( ٠.٢٤ و ٠.٦٣) دایە، تەنها چەند برگەیەک نەبێت، کە هێزی جیاکەرەوەی کەمتر بوو لە (٠.٢٠)، بۆیە لادران ئەو برگانە.

**ب ـ ڕاستگۆی گونجانی ناوەکی /** بیرۆکەی ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ئەو ڕادەیە دامەزراوە، کە یەکەکان یان بابەتەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە لەناو تاقیکردنەوەکەدا، هەروەها تا چەند یەکەکان پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەکە بەگشتی هەیە، تاکو بابەتەکان یەکسانتربن لەو شتانەی پێوانەیان دەکەن و یەکدەنگی نێوانیان زیاترە و تاکو بابەتەکان یەکسان نەبن و یەکدەنگیان نێوانیان کەمتر دەبێت ( عبدالرحمن، ١٩٩٨، ل١٧٠). توێژەر هەوڵیدا بە بەکارهێنانی شێوازی ئاماری ورد تیشک بخاتە سەر ئەم پەیوەندییانە، کە بەهای ئەم نیشاندەرە پیشاندەدات:

- **پەیوەندی نمرەی برگە لەگەڵ نمرەی بواری پێوەرەکە** / بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بە بەکارهێنانی (SPSS) لەنێوان نمرەی هەر برگەیەک و کۆی نمرەی پێوەرەکە بۆ هەموو ئەندامانی نموونەکە، بڕوانە خشتەی (١٣).

**خشتەی (١٣) هاوکۆلکەی پەیوەست بە بوونی برگە لەگەڵ بوار بۆ تاقیکردنەوەی دوور**

| ژ. پرسیار | هاوکۆلکەی پەیوەست بوون | ئاستی بەڵگەداری | ژ. پرسیار | هاوکۆلکەی پەیوەست بوون | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەوانی پەیوەندیدار ( أ ):بواری یەکەم | | | | | |
| ١ | 0,414** | 0. 01 | 6 | 0,455** | 0. 01 |
| ٢ | 0,233* | 0. 05 | 7 | 0,380** | 0. 01 |
| ٣ | 0,331** | 0. 01 | 8 | 0,386** | 0. 01 |
| ٤ | 0,467** | 0. 01 | 9 | 0,423** | 0. 01 |
| ٥ | 0,442** | 0. 01 | 10 | 0,431** | 0. 01 |
| ڕەوانی پەیوەندیدار ( ب ):بواری یەکەم | | | | | |
| 1 | 0,332** | 0. 01 | 6 | 0,328* | 0. 05 |
| 2 | 0,394** | 0. 01 | 7 | 0,451** | 0. 01 |
| 3 | 0,444** | 0. 01 | 8 | 0,363** | 0. 05 |
| 4 | 0,348* | 0. 05 | 9 | 0,468** | 0. 01 |
| 5 | 0,341* | 0. 05 | 10 | 0,331** | 0. 01 |
| بواری دووەم: ڕەوانی زارەکی ( أ ) | | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 0. 01 | 0,445** | **6** | 0. 01 | 0,477** | **1** |
| 0. 01 | 0,322** | **7** | 0. 01 | 0,336** | **2** |
| 0. 05 | 0,362* | **8** | 0. 01 | 0,328** | **3** |
| 0. 05 | 0,340* | **9** | 0. 05 | 0,474* | **4** |
| 0. 01 | 0,436** | **10** | 0. 01 | 0,432** | **5** |
| **بواری دووەم: ڕەوانی زارەکی ( ب )** | | | | | |
| 0. 05 | 0,366* | **6** | 0. 01 | 0,321** | **1** |
| 0. 01 | 0,463** | **7** | 0. 01 | 0,325** | **2** |
| 0. 01 | 0,372** | **8** | 0. 01 | 0,362** | **3** |
| 0. 01 | 0,340** | **9** | 0. 01 | 0,357** | **4** |
| 0. 01 | 0,325** | **10** | 0. 01 | 0,382** | **5** |
| **بواری سێیەم: ڕەوانی دەربڕین** | | | | | |
| 0. 05 | 0,365* | **6** | 0. 01 | 0,331** | **1** |
| 0. 01 | 0,372** | **7** | 0. 05 | 0,372* | **2** |
| 0. 01 | 0,483** | **8** | 0. 01 | 0,346** | **3** |
| 0. 01 | 0,443** | **9** | 0. 01 | 0,354** | **4** |
| 0. 01 | 0,361** | **10** | 0. 01 | 0,361** | **5** |
| **بواری چوارەم: ڕەوانی فکری** | | | | | |
| 0. 01 | 0,441** | **6** | 0. 01 | 0,443** | **1** |
| 0. 01 | 0,431* | **7** | 0. 01 | 0,360* | **2** |
| 0. 01 | 0,325** | **8** | 0. 01 | 0,453** | **3** |
| 0. 01 | 0,412** | **9** | 0. 01 | 0,414** | **4** |
| 0. 01 | 0,311** | **10** | 0. 01 | 0,372** | **5** |
| **بواری پێنجەم: ڕەوانی شێوەکان** | | | | | |
| 0. 01 | 0,325** | **6** | 0. 01 | 0,312** | **1** |
| 0. 01 | 0,335** | **7** | 0. 01 | 0,322** | **2** |
| 0. 01 | 0,333** | **8** | 0. 01 | 0,346** | **3** |
| 0. 01 | 0,357** | **9** | 0. 05 | 0,431* | **4** |
| 0. 01 | 0,462** | **10** | 0. 01 | 0,448** | **5** |
| **بواری شەشەم: نەرمی ئۆتوماتیک** | | | | | |
| 0. 05 | 0,365* | **6** | 0. 01 | 0,343** | **1** |
| 0. 01 | 0,340** | **7** | 0. 05 | 0,348* | **2** |
| 0. 01 | 0,362** | **8** | 0. 01 | 0,334** | **3** |
| 0. 01 | 0,341** | **9** | 0. 01 | 0,459** | **4** |
| 0. 01 | 0,453** | **10** | 0. 01 | 0,431** | **5** |
| **بواری حەوتەم: نەرمی خۆگونجاندن** | | | | | |
| 0. 01 | 0,435** | **6** | 0. 01 | 0,432** | **1** |
| 0. 01 | 0,432** | **7** | 0. 01 | 0,426** | **2** |
| 0. 05 | 0,322* | **8** | 0. 01 | 0,331** | **3** |
| 0. 05 | 0,343* | **9** | 0. 05 | 0,342* | **4** |
| 0. 01 | 0,334** | **10** | 0. 01 | 0,347** | **5** |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت هاوکۆلکەی پەیوەندی لەنێوان ( ٠.٢٣٣ و ٠.٤٨٣)، کاتێک بەراورد دەکرێت لەگەڵ زۆرترین بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی ( ١٥٠) قوتابی نموونەی ڕاپرسی توێژینەوەکە، ئەنجامی ئاماری بەدیارکەوت، کە برگەکان بەڵگەدارن لەڕووی ئامارەوە، ژمارەیان ( ٩٠) برگەبوو، بێ ئەوەی هیچ کام لە برگەکان لابدرێت، کەواتە پەیوەندی نمرەکانیان یەکسانن.

• **پەیوەندی نمرەی بوار لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە/** بەوپێیەی پێوەرەکانی ئەم پێوەرە کۆمەڵێک بواری جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەمەش پێویستی بە دەرهێنانی پەیوەندی نێوان نمرەی بوارێک و کۆی نمرەی ئەو بوارەی سەربەخۆیەتی هەیە ( سلومی، ٢٠١٤، ل٢٢٣). هەر بۆیە کۆی نمرەی ئەو بوارە بۆ هەریەک لە فۆرمەکانی توێژینەوەکە ئاماری بۆ کرا، گەیشتە (١٥٠) فۆرم، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن رێژەی پەیوەندی لەنێوان نمرەکانی فۆرمەکان لەسەر هەر بوارێک و کۆی نمرەی گشتی بوارەکانی تێدا هەڵکەوتووە و حیسابی بۆ کرابوو، دەرکەوت پەیوەندییەکی مامناوەندی ئامارییان لەنێوانیاندا هەیە لە ئاستی (٠.٠١)، دەرکەوت هەموو رێژەکانی پەیوەندی لەڕووی ئامارییەوە گرنگن، کاتێک رێژەکە لەنێوان (٠.٥٣ - ٠.٧٧)دا بوو، بۆیە دەرکەوت پێوەرەکە راستگۆیەکی گونجانی ناوەکی بەهێزیان هەیە، وەک لە خشتەی (١٤) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (١٤) هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی بوار لەگەڵ نمرەی گشتی بۆ تاقیکردنەوەی دوور**

| ئاستی بەڵگەداری | هاوکۆلکەی پەیوەست بونی بوار لەگەل نمرەی گشتی | بوارەکان |
|---|---|---|
| 0. 01 | 0,57 | بواری یەکەم:رەوانی پەیوەندیدار (أ) |
| 0. 01 | 0,67 | بواری یەکەم:رەوانی پەیوەندیدار(ب) |
| 0. 01 | 0,77 | بواری دووەم: رەوانی زارەکی (أ) |
| 0. 01 | 0,65 | بواری دووەم: رەوانی زارەکی (ب) |
| 0. 01 | 0,68 | بواری سێیەم: رەوانی دەربرین |
| 0. 01 | 0,70 | بواری چوارەم: رەوانی فکری |
| 0. 01 | 0,56 | بواری پێنجەم: رەوانی شێوەکان |
| 0. 01 | 0,64 | بواری شەشەم: نەرمی ئۆتۆماتیک |
| 0. 01 | 0,53 | بواری حەوتەم: نەرمی خۆگونجاندن |

**٣-جێگیری پێوەر/** توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی دووری لەسەر نموونەی راپرسی، کە پێکهاتبوو لە (١٥٠) قوتابی کوڕی لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، هەریەک لە قوتابخانەکانی (احمد اسماعیل - احمدی خانی - دوارۆژ) ئەنجامدرابوو بۆ بەدەستهێنانی رێژەی جێگیری ئەم پێوەرە، توێژەر هاوکۆلکەی (ئەلفا کرونباخ Alph Cronbach-)ی بەکارهێنابوو، کە رێژەی جێگیریەکەی ( ٠.٨٤) بوو، هەروەها هاوکۆلکەی (سپیرمان براون - Spearman Brawn)ی بەکارهێنابوو، کە رێژەی جێگیریەکەی (٠.٧٨)بوو، ئەمانەش نیشانی دەدەن، کە رێژەی جێگیری بەرز و پەسەند کراوە، بەم شێوەیە پێوەری بیرکردنەوەی دوور ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی لەسەر کۆمەڵەکانی توێژینەوە بە وێنەی کۆتایی، کە پێکهاتووە لە ( ٧) برگەی و برگەی یەکەم و دووەم خۆی لە دوو بوار دەبینێتەوە، کە ( ١٠) کارامەیی لەخۆدەگرێت، کۆی گشتی ( ٩٠) وەڵام دەبێ.

**خشتەی ( ١٥) خستەڕووی ئەنجامی هاوکۆلکەی جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی دوور**

| بەڵگەداری ئاماری رێژەی جێگیری | هاوکۆلکەی ئەلفا_ کرۆنباخ | هاوکۆلکەی سپیرمان براون | هاوکۆلکەی بەشکردنی نیوە | ژمارەی برگە | جێ بەجێکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵگەدارە | ٠.٨٤ | ٠.٧٨ | ٠.٦٤ | ٩٠ | بەشەتاکەکان |
| | | | | | بەشەجووتەکان |

**٤-خستنەڕوو و  تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:**

٤-١ **گریمانەی یەکەم:** جیاوازی واتاداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥)، لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کۆمەڵەیی کۆنترۆڵکراوی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن( تاقیکردنەوەی پاشەکی) بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بۆ قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە بابەتی مێژوو پۆلی دەیەمی وێژەیی دەرهێنا، لەڕێگای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تیتیست ( T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان، بڕوانەخشتەی (١٦).

**خشتەی (١٦) خستنەڕووی ئەنجامی (T-test) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| کۆمەڵەکان | ژمارە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 23 | 33. 82 | 5. 13 | 4. 07 |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 28. 52 | 3. 56 | |

بەهای تائی خشتەیی = ٢. ٠١٠ * پلەی ئازادی = ٤٤

لە خشتەی سەرەوەدا بەدیاردەکەوێت، کە جیاوازی واتاداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە، لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو، چونکە ناوەندەژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە وانەیان پێگوترا، گەیشتە (٣٣.٨٢)، بە لادانی پێوەری ( ٥.١٣)، لەکاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە شێوازی فێربوونی ئاسایی وانەیان پێگوتراوە، بریتی بوو لە ( ٢٨.٥٢)، بە لادانی پێوەری (٣.٥٦)، بۆ بەراوردکردنی هەردوو ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابییان لە تاقیکردنەوەی( T-test)بەکارهاتبوو بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، تێدا بەهای تائی هەژمارکراو بریتی بوو لە (٤.٠٧)، گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.٠١٠)، لە ئاستی بەڵگەداری ( ٠.٠٥)، وپلەی ئازادی (٤٤)، ئەمەش ئاماژەی هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئامارییە لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونییە، ئەمەش بەڵگەی کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە ڕووندەکاتەوە، کە لەسەر کۆمەڵەی ئەزموونی جێبەجێکرابوو.

- **شیکردنەوەی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنی توێژەر تایبەت بە  گریمانەی یەکەم بۆهەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن ):-**

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی گریمانەی یەکەم بەدەستیهێناوە، توێژەر لە چوارچێوەی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکەی پێگەیشت و ئەنجامەکانی بەدەستیهێنا، دەرکەوت ناوەندە ژمێرەیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەرزترە لە ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی T-testبۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، بێگومان ئەنجامی گریمانەی یەکەم بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، کە ئەنجامدرا پاش کۆتاییهاتنی ماوەی ئەزموونەکە، بەم ئەنجامەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوە گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت، کە بوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکە دەردەخات بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی.

### ٤-٢ خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کۆمەڵەی ئەزموونی بۆ پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو:

**گریمانەی دووەم:** - جیاوازی واتاداری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەت وەردەگرن بەڕێگای ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندەژمێرەی پێوەری بیرکردنەوەی دووری لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ هەردوو کۆمەڵە دەرهێنا، بەجۆرێک کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی کۆی گشتی( ٥٥. ٥٢)بوو، پاشان ناوەندە ژمێرەیی پێوەری بیرکردنەوەی دوور لە تاقیکردنەوەیی پاشەکی بۆ هەمان کۆمەڵەی ئەزموونی دەرهێنا، کە بریتی بوو لە( ٧٨. ٨٦)، بڕوانە خشتەی (١٧).

**خشتەی (١٧) خستنەڕووی ئەنجامی (T-test) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەیی پێشەکی وپاشەکی بۆ پێوەری بیرکردنەوەی دوور**

| | بوارەکان | کۆمەڵەکان | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی"ت" | نرخی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رەوانی [illegible] | أ | پێشەکی | ٢٣ | 6. 43 | 2. 01 | 6. 67 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 9. 21 | 0. 85 | | | |
| | ب | پێشەکی | ٢٣ | 6. 47 | 1. 64 | 4. 17 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 8. 65 | 1. 49 | | | |
| رەوانی [illegible] | أ | پێشەکی | ٢٣ | 5. 69 | 2. 97 | 4. 85 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 8. 34 | 1. 15 | | | |
| | ب | پێشەکی | ٢٣ | 5. 95 | 2. 72 | 4. 61 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 8. 65 | 1. 36 | | | |
| رەوانی دەربڕین | | پێشەکی | ٢٣ | 4. 73 | 3. 86 | 4. 06 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 8. 34 | 1. 30 | | | |
| رەوانی فکری | | پێشەکی | ٢٣ | 6. 52 | 2. 08 | 5. 21 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 8. 82 | 1. 19 | | | |
| رەوانی شێوەکان | | پێشەکی | ٢٣ | 4. 30 | 2. 78 | 4. 73 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 8. 82 | 1. 37 | | | |
| رەوانی ئۆتۆماتیک | | پێشەکی | ٢٣ | 6. 30 | 3. 62 | 3. 22 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 8. 95 | 0. 92 | | | |
| نەرمی گونجاندن | | پێشەکی | ٢٣ | 7. 08 | 2. 59 | 4. 48 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 9. 17 | 0. 71 | | | |
| گشتی | | پێشەکی | ٢٣ | 55. 52 | 2. 19 | 12. 24 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 78. 86 | 4. 93 | | | |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەهای تائی هەژمارکراو (١٢.٢٤)، کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.٠٧٤) لە ئاستی بەڵگەداری ( ٠.٠٥)، بۆیە دەکرێت بگوترێت جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەیی پێشەکی و پاشەکی بۆ گەشەپێدانی پێوەری بیرکردنەوەی دوور.

### ٤-٣:خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بۆ پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو:

**گریمانەی سێیەم:** جیاوازی واتاداری نییە لەئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بابەت وەردەگرن بەڕێگای فێربوونی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو. توێژەر ناوەندەژمێرەیی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دووری لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی

بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دەرهێنا، لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بریتی بوو لە (٥٤. ٨٢)، پاشان ناوەندی ژمێرەیی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی دەرهێنا، کە بریتی بوو لە (٥٧.٩٥) بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(T-test)، بڕوانە خشتەی (١٨).

**خشتەی (١٨) خستنەڕووی ئەنجامی (T-test بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەیی قوتابییانی کۆمەڵەیی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گوشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور.**

| | بوارەکان | کۆمەڵەکان | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی "ت" | نرخی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەوانی پەیوەندیدار | أ | پێشەکی | ٢٣ | 6. 60 | 3. 17 | 1. 226 | 2. 074 | بەڵگەدار نیە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 82 | 2. 87 | | | |
| | ب | پێشەکی | ٢٣ | 6. 26 | 2. 81 | 1. 553 | 2. 074 | بەڵگەدار نیە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 47 | 2. 57 | | | |
| ڕەوانی زارەکی | أ | پێشەکی | ٢٣ | 5. 82 | 4. 11 | 2. 37 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 21 | 3. 67 | | | |
| | ب | پێشەکی | ٢٣ | 5. 91 | 4. 16 | 2. 55 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 39 | 3. 61 | | | |
| ڕەوانی دەربڕین | | پێشەکی | ٢٣ | 5. 95 | 3. 97 | 2. 29 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 26 | 3. 51 | | | |
| ڕەوانی فکری | | پێشەکی | ٢٣ | 6. 08 | 4. 02 | 1. 91 | 2. 074 | بەڵگەدار نیە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 56 | 3. 39 | | | |
| ڕەوانی شێوەکان | | پێشەکی | ٢٣ | 6. 08 | 3. 67 | 2. 47 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 30 | 3. 56 | | | |
| ڕەوانی ئۆتۆماتیک | | پێشەکی | ٢٣ | 5. 60 | 4. 34 | 2. 08 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 13 | 3. 76 | | | |
| نەرمی گونجاندن | | پێشەکی | ٢٣ | 6. 47 | 3. 76 | 1. 57 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 6. 78 | 3. 42 | | | |
| گشتی | | پێشەکی | ٢٣ | 54. 82 | 13. 68 | 5. 240 | 2. 074 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەکی | ٢٣ | 57. 95 | 13. 17 | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت بەهای ( T-test)ی هەژمارکراو بریتی بوو لە (٥.٢٤٠)، کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.٠٧٤)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، بۆیە دەکرێت بگوترێت لە بواری یەکەم و دووەم و شەشەم جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە و لە بوارەکانی تر جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور.

- **تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە گریمانەیی دووەم و سێیەم بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەویی پێشەکی و پاشەکی بۆ گەشەپێدانی پێوەری بیرکردنەوەی دوور:-**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی گریمانەیی دووەم و سێیەم، توێژەر گریمانەیی سفری ڕەتدەکاتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەنددەکات، کە بوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکە دەردەخات بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بەڵام لە خشتەی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو جیاوازی بەهاداری ئاماری لە هەندێک لە بوارەکان یەکەم و دووەم و شەشەم بەدیارناکەوێت، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە یارمەتی زۆربەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور یان بۆ بابەتەکانی خوێندن لەڕێگای وانەکاندا، هەروەها کارکردنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە کۆمەڵەی بچووک بچووکدا وا دەکات زیاتر گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن و توانای بیرکردنەوەی زیاتر و دوورتر یان بۆ بابەتەکان هەبێت، هەروەها ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە ئاستی متمانەبەخۆبوونیان لەناو کۆمەڵەکە زیاتر دەکات، لایەنی کۆمەڵایەتی تاکەکانی ناو کۆمەڵە

بچوکەکان بەرزدەکاتەوە، هەروەها شارەزایی تەواویان لەسەر جۆری بڕیارەکان دەبێت، کە بتوانن لە داهاتوو بیدەن، بەرزکردنەوەی شارەزاییەکانی ناو قوتابخانەش زیاتر دەکات.

### ٤-٤ خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەی پاشەکی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە، کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو:

**گریمانەی چوارەم:** جیاوازی واتاداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گەشەپێدانی پێوەری بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو، توێژەر بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە ناوەندەژمێرەیی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ هەردوو کۆمەڵەکە دەرهێنا، کۆمەڵەی ئەزموونی (٧٨.٨٦) و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٥٧.٩٥)بوو لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test)، بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩) خستنەڕووی ئەنجامی (T-test) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی پێوەری بیرکردنەوەی دوور**

| | بوارەکان | کۆمەڵەکان | ژمارە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی ت | نرخی خشتەی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕوانی پەیوەند یدار | أ | ئەزموونی | ٢٣ | ٩.٢١ | ٠.٨٥ | ٣.٨٣ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٨٢ | ٢.٨٧ | | | |
| | ب | ئەزموونی | ٢٣ | ٨.٦٥ | ١.٤٩ | ٣.٥٠ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٤٧ | ٢.٥٧ | | | |
| ڕوانی زارەکی | أ | ئەزموونی | ٢٣ | ٨.٣٤ | ١.١٥ | ٢.٦٥ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٢١ | ٣.٦٧ | | | |
| | ب | ئەزموونی | ٢٣ | ٨.٦٥ | ١.٣٦ | ٢.٨٠ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٣٩ | ٣.٦١ | | | |
| ڕەوانی دەربڕین | | ئەزموونی | ٢٣ | ٨.٣٤ | ١.٣٠ | ٢.٦٦ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٢٦ | ٣.٥١ | | | |
| ڕەوانی فکری | | ئەزموونی | ٢٣ | ٨.٨٢ | ١.١٩ | ٣.٠١ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٥٦ | ٣.٣٩ | | | |
| ڕەوانی شێوەکان | | ئەزموونی | ٢٣ | ٨.٨٢ | ١.٣٧ | ٣.١٧ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٣٠ | ٣.٥٦ | | | |
| نەرمی ئۆتۆماتیک | | ئەزموونی | ٢٣ | ٨.٩٥ | ١.٢٢ | ٣.٤٢ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.١٣ | ٣.٧٦ | | | |
| نەرمی گونجاندن | | ئەزموونی | ٢٣ | ٩.١٧ | ٠.٧١ | ٣.٢٧ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٦.٧٨ | ٣.٤٢ | | | |
| گشتی | | ئەزموونی | ٢٣ | ٧٨.٨٦ | ٤.٩٣ | ٧.١٢ | ٢.٠١ | بەڵگەدارە |
| | | کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٥٧.٩٥ | ١٣.١٧ | | | |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەهای تائی (T-test) هەژمارکراو بریتی بوو لە (٧.١٢)، کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.٠١) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٠٥)، بۆیە دەکرێت بگوترێت جیاوازی واتاداری ئاماری هەیە، مانای وایە واتادارە لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، واتە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لای قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی.

- **تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە گریمانەیی چوارەم بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور بۆ بابەتی مێژوو:.**

ئەو ئەنجامەی لە گریمانەی چوارەم بۆمان بەدیارکەوت، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (T–test)ی پراکتیزەکرد بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا هیچ جۆرە جیاوازیەک لە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکیدا هەیە، لەنێوان کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەگەشەپێدانی پێوەری بیرکردنەوەی دوور لە بابەتی مێژوو، کە بەهای تائی هەژمارکراو ( ٧.١٢) گەورەترە لە بەهای خشتەی (٢.٠١) ئەمەش واتای ئەوەیە بەهادارە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی و بەڵگەی ئەوە نیشاندەدات، کە قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی باشبوونێکی ئەرێنیان نیشاندایە، بەشێوەیەک باشتربوون لە قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بێگومان وتنەوەی بابەتی مێژووی پۆلی دەیەمی وێژەیی بەپێی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە کاریگەرترە لەڕووی دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور بۆ بابەتی مێژوو بە بەراورد بەڕێگای فێربوونی ئاسایی، ئەو ئەنجامەش ڕەتکردنەوەی گریمانەی سفری و جێگیربوونی گریمانەی پەسەندکراو ڕادەگەیەنێت.

## ٥- ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### ٥-١ ئەنجام:

پاش ئەنجامدانی چارەســـەری ئاماری بۆ داتاکان و لەژێر ڕۆشـــنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشـــتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:.

١. بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە کاریگەری هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی مەعریفی قوتابییان لە وتنەوەی وانەی مێژوو بە بەراورد بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی.

٢. ئەنجامەکان دەریانخست، کەوا جیاوازی هەیە لەنێوان تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفی و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی دوور لە گروپی کۆنترۆڵکراو.

### ٥-٢ ڕاسپاردە:

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی بەدەستهاتوو، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشکەشدەکات:

١ . لەڕێگەی ئەو خولانەی لەناو سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان ساڵانە دەکرێتەوە، بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەناو ناوەندەکانی خوێندن، پێویستە ئەم ڕێگایە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوەیە ئاشنابکرێت بە مامۆستایان وەک ڕێگایەکی مۆدێرن و بنیادنەر.

٢. هاندانی مامۆستایان، کە سەر بە بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی شاری هەولێرن، بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لە وتنەوەی وانەی مێژوو، سەرباری بەکارهێنانی ڕێگای فێربوونی ئاسایی یان فەرامۆشکردنی ئەم شێوازە.

### ٥- ٣ پێشنیاز:

دوای تەواوکردنی ئەو هەوڵانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامیداوە، دەتوانرێت پێشنیازبکرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بەم ناونیشانانەی خوارەوە:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور لەهەمان قۆناغی خوێندن لەسەر قوتابییانی کچ.

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی کاریگەری ستراتیژیەتی ڕێکخستنی شاراوە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی قوتابییان و گەشەپێدانی هەریەک لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی شیکاریانە، چارەسەرکردنی کێشە.

## ٦-سەرچاوەکان:


-ابوالديار، مسعد نجاح (٢٠١٢)، القياس والتشخيص لذوى صعوبات التعلم، الطبعةالاول، مركز تقويم وتعليم الطفل . الكويت.

- ابودكة، محمدصارج محمد (٢٠٢٤)، اثر تدريس مادة الاجتماعيات باستراتيجية الترتيب المخفى فى تحصيل تلميذات الصف الخامس الابتدائي، وزارة التربية، مدينة تربية الرصافة، العدد الخامس والعشرون ٢٥. الجزء الرابع . التربوية.

-ابوالسميدوعبيدات، ذوقان وسهيلة (٢٠٠٧)، استراتيجيات التدريس في القرن الحادى والعشرين، الطبعة الاول، دارالفكرناشرون موزعون.

- بليل، سعد طعمة (٢٠٢٤)، اثر استراتيجيات البنتاجرام والمصفوقة الابتكاروالترتيب المخفى فى اكتاب المفاهيم الجيومورفؤلؤجية لدى طلبة اقسام الجغرافية وتنمية براعيم الجغرافية (بحث منشور).

-الجبالي، عماد عبدالواحدكاطع (٢٠١٣)، اثرالتدريس باستراتيجية PLANفي التفكير التباعدى لدى طلاب الصف الخامس الادبي فى مادة التاريخ الاوروبي، ريسالّة ماجستير منشور، جامعة القادسية كلية التربية قسم العلوم التربوية والنفسية.

-الجنابى، حسين راجح نعمەمخيف (٢٠١٩ )، اثراستراتيجية الترتيب المخفي فى الاداء التعبير عند تلاميذ الصف الخامس الابتدائى فى مادة القراءة، كليةالتربية الاساس رسالّة غير منشور، جامعة بابل.

-الحاوى وقاسم، محمدعبدﷲومحمدسرحان على (٢٠١٦ )، مقديمه فى علم والمناهج التربويه، الجمهوريه اليمن، صنعاء دارالكتب، الطبعه الاولى.

-حبر واخرون، ايان محمد وعبال عبدالباسط محسن وغالي واسماء صادق (٢٠١٨)، اثر استراتيجية التعلم المتمايز فى التحصيل لدى تلميذات الصف الخامس الابتدائي فى الرياضيات، مجلة مسيان للدراسات الاكاديمية، العدد ٣٢. العراق.

-الحلوانى، سعدبدير(١٩٩٩ )، مدخل الى علم التاريخ ومناهج البحث، الطبعةالثانية، جامعةالازهار والملك خالد، حقوق الطبع محفوظة للمؤلف.

-خضر، فخر رشيد(٢٠١٤ )، طرائق تدريس الدراسات الاجتماعية، دار المسير، عمان.

- الدخيل، عبادبن دخيل عداد(٢٠٠٦ )، اثر برنامج تدريبى فى تنمية مفهوم القراءة لدى معلمى اللغة العربية فى المرحلة الابتدائية، كلية التربية، جامعة الملك سعود.

- الرشدان وجعنينى، عبداللةونعيم (١٩٩٧ )، المدخل الي التربية والتعليم، الطبع الاول، دار الشرق للنشر والتوزيع، عمان.

- زايرواخرون، سعد (٢٠١٧ )، الموسوعه التعليميه المعاصر، الجزء الاول، عمان، دارصفاء للنشر والتوزيع.

-الزبيدى، عزة عبدالرزاق حسين(٢٠٠٦)، عوامل الشخصية وعلاقتها بالتفكيرالتباعدى والتفكير التقاربي لدى طلبة المرحلة الاعدادية، اطروحة الدكتورا، الي مجلس كلية التربية جامعة بغداد.

-الزيات، فاطمة محمود ( ٢٠٠٩)، علم النفس الابداعى، الطبعة الاول، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة . عمان.

-سلومى، عماد داود(٢٠١٤)، التنظيم العقلي المعالجة المشكلات لدى الرياضين المتقدمين في الالعاب المختلفة الاندية بغداد المركز، مجلة علوم التربية الرياضية ( العدد ٢)، المجلد ٧. العراق جامعة المستنصرية.

-السيد، اسامەمحمد(٢٠٠٥ )، المناهج ومهارات التدريس، الطبعة الاول، مصر. قاهرة، الدار الحربية للنشر والتوزيع.

-السيدعثمان وعبيدة، فاروق وعبدالهادى (١٩٩٥)، الاحصاء التربوى والقياس النفسي، الطبعة الاول، دارالمعارف . القاهرة

-السفيانى، هلال محمدعلى (٢٠٢١)، طرائق التدريس العامه، المهد اليمن، كليهالتربيه ومركزالتعلم عن بعد، جامعه حضرموت، اليمن.

-شاهين، عبدالحميد حسن عبدالحميد (٢٠١١)، استراتيجيات التدريس المتقدمه واستراتيجيات التعلم وانمات التعلم، كليه التربيه بدمنهور، جامعه الاسكندريه.

-شناوة وجابر، جبار رشك واحمدجواد (٢٠٢٢)، اثراستراتيجية الترتيب المخفي في التحصيل لدى طلاب الصف الخامس الادبي في مادة التاريخ، مجلة علمية محكمة، العدد السادس والثلاثون.

-الطريرى، عبدالرحمن بن سليمان (١٩٩٧)، القياس النفسي والتربوى، الطبعةالاول، مكتبةالرشيد. الرياض.

-الطريري، عبدالرحمن بن سليمان (٢٠١٤)، القياس النفسي والتربوى، الطبعة الثانية، مكتبة الرشيد. الرياض.

-نبيل، عبدالهادى (٢٠٠٢)، المدخل الي القياس والتقويم التربوى واستخدامة في مجال التدريس الصفي، الطبعة الثانى، دارالوائيل للنشر.

-العنانى، حنان عبدالحميد(٢٠١٤)، علم النفس التربوى، الطبعةالخامس، دارصفاء للنشروالتوزيع . عمان.

-العامرى، ماهر محمد عواد(٢٠١٦)، التصاميم التجريبة، جامعة المستنصرية، كلية التربية

-عبدالرحمن، سعد(١٩٩٨)، القياس النفسي، الطبعة الثالثة، دارالفكرالعربي مدينة نصر. قاهرة.

-العبيدى وسالّم، علي محمد عبود وامير سوادى (٢٠١٢)، اثر استراتيجية العصف الذهنى عندتدريس التعبير فى تنمية التفكير التباعدى لدى طلاب الصف الرابع الادبي، العدد ٢٠٠، كلية التربية قسم العلوم التربية والنفسية.

-العتوم واخرون، عدنان يوسف و عبدالناصر ذياب الجراح وموفق بشارة (٢٠٠٧)، تنمية مهارات التفكير نمازج نظرية وتطبيقات عملية، دارالمسيرة للنشر والتوزيع، الطبعة الاول . عمان.

-العجرش، حيدر حاتم فالح (٢٠٢٢)، تصميم المنهج بين التعليم التقليدى والاكترونى، الطبع الاول، دار الصادق الثقافي، بابل . العراق.

-عطية، محسن على(٢٠١٦ )، التعلم انماط ونمازج حديثة، الطبعةالاول، دارصفاء للطباعة والنشر والتوزيع . عمان.

-العلاق، على سامى (٢٠٠٦ )، اللغةوالتفكير الناقد اسس نظرية واستراتجيات تدريسة، دارالمسيرة للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

-علام، صلاح الدين محمود( ٢٠٠٠)، القياس والتقويم التربوى والنفسي اساسياتة و تطبيقاتة وتوجيهاتة المعاصرة، الطبعة الاول، دارالفكر العربي للنشر والتوزيع . قاهرة مصر .

-على، محمدالسيد(٢٠١١ )، اتجاهات وتطبيقات حديثة فى المناهج وطرق التدريس، الطبعة الاول، الاردن، عمان، دارالمسير للنشروالتوزيع.

-علي، عماداحمدحسن(٢٠١٦)، اختبار المصفوقات المتابعة الملونة ل (Raven)، مكتبة الانجلومصرية قاهيرة

-العوض، مهدى عناد(٢٠١٤)، الصلابة النفسية وعلاقاتها بالتحصيل الدراسي، دراسة ميدانية لدى عينية من طلبة جامعة دمشق . كليةتربية قسم علم النفس . جامعة دمشق.

-العيزان، عبدالالة بن ابراهيم (٢٠٠٢)، لمجات عامة فة التفكير الابداعى، الطبعة الاول، مكتبة الملك فهد الوطنية سعودية.

-غنيم، محمدعبدالسلام ( ٢٠٠٤)، مبادى القياس والتقويم النفسي والتربوى، جامعة علوان . قاهيرة. .

-الفلفلي، هناءحسين (٢٠١٣)، علم النفس التربوى، الطبعة الاول، داركنوزمعرفة . عمان.

-قطامى، يوسف (٢٠٠٣)، اساسيات تصميم التدريس، الطبعة الثانى، دارالفكرللطباعة والنشر والتوزيع، عمان . الاردن.

-قطامى، يوسف ونايفة قطامى ( ٢٠٠١)، استراتيجيات التدريس، دارعمار . الاردن.

-قطامى، يوسف(١٩٩٠)، تفكير الاطفال تطورة وطريق تعلمية، الاردن، عمان، الاهلية للنشر والتوزيع.

-القيسى، جيهان عبدحداد(٢٠١٩)، قياس التفكير التباعدى والتقاربى لدى طلبة الجامعة، جامعة بغداد، مركزبحوث التربوية والنفسية، مجلة ديالي، العدد الثانى والثمانون.

- كوافحة، تيسير مفلح( ٢٠٠٣)، القياس والتقيم واسأليب القياس والتشخيص فى التربية الخاصة، دارالمسيرة . عمان.

-محمد، احمد محمد(٢٠٢١)، ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مالی ڕاستی لەلایەن دەزگای ڕوانگە لەچوارچێوەی صرۆژەی کتێبی ڕوانگە چاپ کراوە.

-محمود، شوقى حسانى (٢٠٠٩ )، تطوير المناهج رؤية المعاصرة، الطبع الاول، المجموعة العربية للتدريب، القاهرة.

-مرادوسليمان، صلاح احمدو امين على (٢٠٠٥)، الاختبارات والمقايس في العلوم النفسية والتربوية، الطبعة الثانى، داركتب الحديث . القاهرة.

-المعايطة، خليل عبدالرحمن ومحمد عبدالسلام (٢٠٠٤)، الموهبة والتقوف، الطبعة الثانى، دارالفكر للطباعة والنشر والتوزيع . عمان.

-ملحم، سامى محمد(٢٠٠٠)، القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، الطبعة الاول، دارالميسر . عمان.

-مليجى، حلمى ( ١٩٦٩)، سيكولوجية الابتكار، الطبعة الثانى، دارالمعارف . القاهرة.

-نجم، دنيا رزوقي (٢٠١٥)، فاعلية برنامج سكامبر التعليمى في تنمية القدرات الابداعية لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، رسالة ماجستير منشور، كلية التربية للعلوم الانسانية قسم العلوم التربوية والنفسية . جامعة ديالي.

-نيهان، يحيى محمد(٢٠١٢)، الاسأليب الحديث التعليم والتعلم، الطبعة الثانى، دارالبازورى العلمية للنشر والاتوزيع، عمان . الاردن.

Guilford, g p (1959) The Structure of Intellet psy chologica, Bullment, New York-

# اثر استراتيجية الترتيب المخفي علي تحصيل الدراسى وتنمية التفكير التباعدى فى مادة التاريخ لدى طلبة صف العاشر الادبي

**شادان عمر علي**
قسم علوم الاجتماعيات، كلية التربية الأساس،
جامعة صلاح الدين–ربيل، اقليم كردستان، عيراق
Oshadan325@gmail. com

**سيناء احمد علي**
قسم الروضة الاطفال، كلية التربية الأساس،
جامعة صلاح الدين–أربيل، اقليم كردستان، عيراق
seenaa.ali@su.edu.krd

**الملخص**

هدف هذة الدراســة إلي معرفة أثراســتراتيجيات الترتيب المخفي في تحصــيل تدريس وتنميه التفكير التباعدى في مادة التاريخ لدى طلبة الصــف العاشرالادبي، استخدم لباحثة التصميم التجريبية ذى الضبط الجزئي لمجموعتين تجربية وضابطة، مجتمع البحث طلبة الصف العاشر الادبي للبنين في مركز محافظة أربيل للعام الدراســي (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، عينة البحث (٤٦) طالبات و (٢٣) طالبة منهم موزعين علي مجموعة تجربية تم تعليمهم باستراتيجية الترتيب المخفي، (٢٣) طالبات من مجموعة ضابطة تم تدريسها باستراتيجية التعليم الاعتيادية، وتضمنت أدوات البحث اختبار تحصيلي معرفة من نوع الاختبار من متعدد مكون من (٥٠) فقرة واختبار التفكيرالتباعدى مكونة من (٩٠) فقرة، وبعد التحليل الأحصائي لمجموعات البحث وجد أن هناك فرق احصـائي بين المجوعتين عند مستوى (٠.٠٥) لصـالح المجموعة التجريبية، وفي ضـوء النتائج التى توصيل إليها الباحثة قام بتقديم عدة توصيات ومقترحات.

**الكلمات المفتاحية:** استراتيجية الترتيب المخفي، التفكير، التحصيل.

# The Effect of Hidden Organization Strategies on Academic Achievement and the Development Thinking of Historical for Tenth Grade Students

**Shadan Omar Ali**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Oshadan325@gmail. com

**Seenaa Ahmed Ali**
Department of Kindergarten, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
seenaa.ali@su.edu.krd

## Abstract

The aim of this study is knowing the effect if hidden order strategies on the achievement of teaching and development if divergent thinking in the subject if history for tenth grade literary students.
The partially controlled experimental design for two groups: experimental and control. The research population was tenth -grade boys in the Erbil Governorate Center for the (2024-2025) academic year. The research sample consisted of (46) male and female students, (23) of whom were divided into an experimental group taught using the strategic learning strategy, and (23) students in a control group taught using the conventional learning strategy. The research tools included a multiple-choice cognitive achievement test consisting of (50) items and a distant thinking test consisting of (90) items. After statistical analysis of the research groups, it was found that there was a statistical difference between the two groups at the (0. 05) level in favor of the experimental group. in light of the findings and results, the researcher made several recommendations.

**Keywords**: covert organization strategy, thinking, achievement